# بەسبون یا بەسكردنی داهێنانی هونەری بەنمونەی ئەزمونی شاعیران و شیعری كوردی

**ئەرخەوان محمد عوبێد**

بەشی زمانی كوردی، كولێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی كەركوك، كەركوك، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Arkhawanmohammed83@gmail.com

## پوختە:

بەسبون یا بەسكردنی داهێنانی هونەری بەنمونەی ئەزمونی شاعیران و شیعری كوردی ناونیشانی باسێكی تیۆری پراكتیكیە، تیۆرییە چونكە لە تەوەری یەكەمی باسەكەدا بنەما و یاساكانی تیۆرەكە بۆ یەكەم جار خراوەتەڕو. پراكیتیكیە چونكە لە تەوەری دوەم وسێهەمدا تیۆرەكە پشت ڕاستكراوەتەوە لە ڕێگای پراكتیكی كردنی بۆچونەكان لە سەر شیعر و ئەزمونی شاعیرانی كورد، چەمكی بەسبون یا بەسكردنی داهێنانی هونەریی دۆخێكە لە بەسبون، تێربون، دەست هەڵگرتن، نەمانی پاڵنەری داهێنان، توشی كەسی بەرهەمهێن دەبێتەوە، بەهۆییەوە بەرهەمهێنی هونەری لە بارەی بابەتێكی دیاریكراودا سەلیقەی دروستكردنی بەرهەمێكی نوێی نابێت. هەندێكجار ئەو بەسبونە دەبێتە هۆی وەستانی كاتی یا هەمیشەیی كردەی دروستكردن لەلای بەرهەمهێنی هونەری، دو جۆریشی هەیە (بەسبون یا بەسكردنی دەرونی لای بەرهەمهێن و بەسبونی یا بەسكردنی شێوازی)، تیۆرەكە دەشێ لەسەر هەمو بەشەكانی هونەر پراكتیك بكرێ، بەڵام لەم باسەدا تەنها لەسەر ئەزمونی شیعری كوردی پراكتیك كراوە، بەسودوەرگرتن لە بنەماكانی دەرونناسی و شێوازگەری چێوەی باسەكە دامەزراوە، ئەنجامە گرنگەكانی باسەكە، كە بریتیین لە پێناسەی چەمكەكان و پۆلێنكردنی پاڵنەرەكانی داهێنانی شیعر لای شاعیران و كاریگەری لەسەر بەرهەمی شاعیران لە چەند خاڵێكدا لە كۆتایی باسەكە خراوەتەڕو.

**كلیلە وشەكان:** بەسبون یا بەسكردن، نابەسبون یا نابەسكردن، بەرهەمهێن، پاڵنەرەكانی داهێنان، وەستان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی

هەست و سۆزی پەنگخواردوی مرۆڤ، کە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ فێربون، وەرگرتن، بابەتی بۆماوەیی، بەهرە، سەلیقەی داهێنان و بەسەرهاتەکانی ژیان پێکەوە دەبنە پاڵنەری دروستبونی هونەر، لەئەنجامی کردەی هونەریشدا بابەتی چێژ دروستدەبێت. چێژی هونەرمەند لە دروستکردنی هونەر و چێژی وەرگری هونەری لە وەرگرتنەکەدا، بەڵام هەمو پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئامانج و چێژی هونەریش بەندی پاڵنەرەکانی داهێنانە، پاڵنەری داهێنان شادەماری ژیانی هونەرە، هەر کاتێک کە ئەو شادەمارە لەکاردەکەوێت سەرچاوەی هونەریش وشک دەکات، لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر هۆکارەکانی وشک بونی ئەو شادەمارە و لێکەوتەکانی لەسەر هونەری شیعرنوسین و ئەزمونی شاعیران و ئەو دۆخەی کە دەبێتە هۆی دروست بونی (بەسبون یا بەسکرن لە داهێنان)دا.

بەسبون یا بەسکردنی داهێنان چەمکێکە شرۆڤەی دۆخی بەرهەمهێنان و پێوەندی نێوان پاڵنەری داهێنان و بەرهەمی هونەری و گەیشتن بە بەسبون و بەسنەبونی داهێنان دەکات. ئەم چەمکە زادەی لایەنی دەرونی و ئاستی بیرکردنەوە و پێویستییەکانی کەسی داهێنەرە، ئینجا ئەو داهێنەرە وێنەکێش، میوزیسیان، پەیکەرتاش، نوسەرو...هتد.بێت، هەمویان لە ساتێکدا لەڕۆژێکدا لە ماوەیەکی دیاریکراودا دوچاری ئەم بەسبون یا بەسکردنە دەبنەوە، دەرئەنجام بۆماوەیەکی دیاری کراو یان بە یەکجاری دەست لە داهێنان هەڵدەگرن. ئەم چەمکە دەشێ لەگەڵ هەر بابەتێکی هونەریدا شرۆڤە و پراکتیک بکرێت، چونکە پێشهاتەکانی پێش کردەی بەرهەمهێنانی هونەری لەڕوی دەرونییەوە زۆر بەیەکدەچێت و ئەوەی هونەرەکان جیادەکاتەوە، کەرستەی هونەرەکە و شێوازی دەربڕین وچۆنییەتی کارکردنی پێنوس، فڵچە، دەست وپەنجەی نوسەر، وێنەکێش، پەیکەرتاش ومیوزسیانەکانە. واتە؛ بەسبونی داهێنان چەمکێکی گشتییە و لە هەمو بابەتەکانی هونەردا بونی هەیە، بەڵام چەقی کاری ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە بابەتی بەسبون یا بەسکردنی داهێنان لە ئەدەبدا دەدات.

سنوری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا چەمکی بەسبون یا بەسکردنی داهێنان پراکتیک کراوە لەسەر شیعری کوردی و ئەزمونی شاعیرانی کورد، نمونەش لەڕێبازە ئەدەبی وقوتابخانە شیعرییە جیاوازەکانەوە وەرگیراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

بونی هەندێک دۆخی شیعری لە پرۆسەی شیعری شاعیران و لە ئەزمونی شیعر نوسیندا، کە تا ئێستا بە شێوەی ئەم باسە نەخراوەتەڕو و پێناسەی بۆ نەکراوە، هەروەها گرنگی ئاوەڕدانەوە لە ئاکتیڤبون و وەستانی پاڵنەرەکانی داهێنان بە بەڵگەی نمونە شیعرییەکان هۆکاری هەڵبژاردن و پاڵنەری نوسینی ئەم توێژینەوەیەن.

ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیە کە بیرۆکەی بەسبونی داهێنانی تێدا خراوەتەڕو، لەگەڵاڵەبونی بیرۆکەکەدا پشت بەڕەخنەی دەرونناسی و لەپراکتیکەکەشدا پشت بە بنەماکانی شێوازگەری بەستراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ئەم باسە لە پوختە، پێشەکی، سێ تەوەر، پوختەی زمانی وئینگلیزی و ئەنجام پێک دێت، لەتەوەری یەکەمدا بیرۆکەی بەسبون یا بەسکردنی داهێنان و پێناسەکەی لەگەڵ هەردو جۆری بەسبون یا بەسکردنی دەرونی وشێوازی بەشێوەیەکی تیۆری خراوەتەڕو. تەوەری دوەمیش تایبەتە بە پراکتیککردنی چەمکی بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لە سەر شیعری کوردی و بەڵگەهێنانەوەیە بۆ پاڵپشتی کردنی بیرۆکەکە، لە تەوەری سێیەمدا بەسبون یا بەسکردنی شێوازی و دەرکەوتەکانی لەڕێگەی چەند نمونەیەکی شیعری کوردی خراوەتەڕو. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کە پێناسەی چەمکەکان و ئەو دۆخانەیە کە لە شیعری کوردیدا دروستیان کردوە بە چڕی لە چەند خاڵێکدا باس کراون.

## تەوەری یەکەم: بەسبون یا بەسکردنی داهێنانی هونەری

چەمکی بەسبون یا بەسکردنی داهێنانی هونەری چەمکێکە، پەیوەستە بە کرداری هونەری و پاڵنەرەکانی داهێنان وچێژی هونەرییەوە، مەبەست لێی هەڵسەنگاندن و گەڕانە بەدوای وێستگەکانی داهێنان، لەم توێژینەوەیەدا وشەی (بەسبون یا بەسکردن) لەبری وشەی (الاكتفاء) عەرەبی و (sufficiency) ئینگلیزی بەکارهاتوە، لە کوردیشدا لەبری ئەو چەمکانە ((قايلي و بەسبون)) (نیزامەدین، ٢٠٠٧،ل١٦٥). بەکارهاتوە، ئێمە لێرەدا بەسبون یا بەسکردن بەکاردەهێنین، چونکە ئەم وشانە زۆرتر خزمەتی هزری ناو توێژینەوەکە دەکەن. جیاوازی لەنێوان بەسبون وبەسکردنیش لەوەدایە کە بەسبون بە پێی ویست و دەسەڵاتی نوسەر نییە هۆکارێکی بەرجەستەبو وبینراوی نییە، بەڵام بەسکردن زیاتر لە ژێرڕکێفی دەسەڵات و ئاگایی نوسەردایە و ویستی نوسەری تێدایە. جا ئەوەی لەباسەکەدا خراوەتەڕو هەردو دۆخی تێدایە، واتە؛ هەندێک جار شاعیر بەبێ ویستی خۆی وبەهۆی کاریگەری دەرەکی توشی بەسبون دەبێت، هەندێک جاریش بە ئاگاییەوە و بەویستی خۆی دەگاتە بەسکردن. ئەوەی بابەتەکە ئاڵۆزدەکات ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین لە هەمو دۆخێکدا و بەڕەهایی بڕیاربدەین لەوەی کە لای نوسەرەکان بەسبون یا بەسکردن ڕویداوە، چونکە هەمو جارێک پێدراوی پێویستمان لە بەردەستدا نییە. بۆیە هەردو وشەی بەسبون وبەسکردن بەیەکەوە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکە بەکاردەهێنین تاکو چەمکەکە گشتی بێت و دۆخە جیاوازەکانی بەسبون بگرێتەوە و هیچ دۆخێکی بەسبون فەرامۆش نەکەین.

لەڕەوانبێژی عەرەبیدا (الاكتفاء) بریتییە لە کورتبڕی، دو جۆری هەیە، کورتبڕی لە وشە و کورتبڕی لە بەشێک لە وشە، کورتبڕی لە وشە ئەوەیە شاعیر لە دێڕەکەیدا باسی دو شت بکات کە پێوەندییان بەیەکەوە بێت، بەڵام ناوی یەکیان دێنێت و ئەوەی تر بە مەنتق ولە سیاقەکەدا دەزانرێ، کورتبڕی لە بەشێک لە وشەش بریتییە لە هێنانەوەی وشەیەک، بەڵام بە لابردنی دەنگێک یان چەند دەنگێک لە دەنگەکانی سەروا (مطلوب،٢٠١٠،ص١٦٨). لەڕەوانبێژی کوردیشدا ئەم چەمکە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە وەک خۆی (الاكتفاء) بەکارهاتوە، لێکۆڵەر (ئیدریس عەبدوڵا) لە کتێبی (لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنمونەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

حەمدی و حاجی قادری کۆیی) باسی کردوە و وشەی (ئیکتفا)ی بۆ بەکارهێناوە و هەمان پێناسەی کورتبڕی عەرەبی بۆکردوە (مستەفا، ۲۰۱۱،ل۲۷۱).

له دەروونناسیشدا ئەم چەمکە بونی هەیە بەڵام لەگەڵ وشەی (خود)دا بەکاردێت، واتا بەسبون یا بەسکردن بەخود (الاکتفاء الذاتی)، هەروەها لە بواری ڕامیاری و ئابوری و پەروەردەش بە شێوەی بەسبون یا بەسکردنی خودی بەکارهاتوە، لە هەموشیاندا مانای پشت بەستن بە تواناکانی خود و دورکەوتنەوە لە یارمەتییە دەرەکییەکان دەدات.

لە میانی گەڕان بە دوای چەمکی بەسبونی داهێنانی هونەریشدا، دەرکەوت زۆربەی ئەوانەی باسی بە بەسبون یا بەسکردنی داهێنان دەکەن، دەیبەستنەوە بە توانای هونەرمەند لە پشت بەستن بەخودی خۆی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەڕێگای ئنترنێت و سۆشیاڵ میدیاوە، واتا هیچیان ئەو مەبەستەی ئێمە بە دواوەی بوین نەیان پێکا. بەڵام هەندێک چەمک ناراستەوخۆ لە (بەسبون یا بەسکردنی هونەری) نزیکدەبنەوە، لەوانە (وەستانی داهێنان لای نوسەران) کە توێژەران زۆر جار هۆکارەکەیان بەستوەتەوە بە (گرێ ترس لە کەم وکوڕی و گەڕان بە دوای کەمالدا) (صلاح،15/07/2017،سایت). هەروەها چەمکی (بێدەنگی داهێنان و مایەپوچبونی فکری)(الفلاح،۲۰۱۷/۲/۱۸/سایت)، کە زیاتر مەبەست لێیان دەرخستنی بێ چارەیی نوسەرە بەرامبەر بە خود و لادانی هزری مرۆڤە لە بیرکردنەوە مەنتقیەکان و خۆبەدەستەوەدانە بەرامبەر بەتەوژمی سۆز و بابەتە ناعەقڵییەکان، لەم توێژینەوەیەدا کۆی ئەو چەمکانە و کۆمەڵێک بابەتی هاوشێوە لە سایەی چەمکی بەسبون و بەسکردندا کۆکراونەتەوە، واتە چەمکی بەسبون یا بەسکردنی داهێنان دەبێتە چەترێکی گەورە و بابەتەکانی توانای داهێنان و سروشتی داهێنان لەژێر سێبەریدا کارلێکدەکەن.

## بەسبون یا بەسکردنی داهێنان چییە؟

دۆخێکە لە بەسبون، تێربون، دەست هەڵگرتن، نەمانی پاڵنەری داهێنان، توشی کەسی بەرهەمهێن دەبێتەوە، بەهۆییەوە بەرهەمهێنی هونەری لە بارەی بابەتێکی دیاری کراودا سەلیقەی دروستکردنی بەرهەمێکی نوێی نابێت. هەندێک جار ئەو بەسبونە دەبێتە هۆی وەستانی کاتی یا هەمیشەیی کردەی دروستکردن لە لای بەرهەم هێنی هونەری، ئێمە دەڵێین بەرهەمهێن و ناڵێین داهێنەر، چونکە هەمو کەسێک، کە لە بواری هونەردا کاری کرد مەرج نییە داهێنەربێت و ئەم دۆخی بەسبون یا بەسکردنە دوچاری هەمو بەرهەمهێنەکانی هونەر دەبێتەوە (داهێنەر و لاسایی کەرەوە).

داهێنەر: ئەو کەسەیە کە بەرهەم دروستدەکات و شتی نوێ زیاددەکات بۆ ئەو بوارەی کە تێیدا کاردەکات.

لاسایکەرەوە: ئەو کەسەیە کە بەرهەم دروستدەکات، بەڵام ناتوانی شتی نوێ زیادبکات و لە بازنەی لاسایکردنەوەی هونەریدا دەمێنێتەوە و ناپەڕێتەوە بۆ بواری داهێنان. بۆنمونە ئەوانەی کە شیعر دەنوسن زۆرن، بەڵام ئەوانەی داهێنان دەکەن و دەمێننەوە لە زەیندا کەمن. کاتێک کە بەرهەمهێنی هونەری لە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراودا پاڵنەری دروستکردنی بۆ پەیدادەبێت، ئەوە لەو کاتەدا بەرهەم دروستدەکات، کردەوەی لاسایی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کردنەوە دەست پێدەکات، بەڵام کە پاڵنەرەکە بونی نەما کردەوەکە دەوەستێت، جا ئەو بەرهەمە ئەگەر ئیلهام و ئەزمونی لەگەڵ دابو دەچێتە خانەی داهێنانەوە و ئەگەر یەکێک لەو دوانەی لەگەڵدا نەبو دەچێتە خانەی لاسایکردنەوە، واتە هەمو داهێنەرێک بە قۆناغی لاسایی کردنەوەدا تێپەڕدەبێت، بەڵام هەمو لاسایکەرەوەیەک ناگاتە قۆناغی داهێنان، یاخود هەمو داهێنەرێک بەرهەمهێنە، بەڵام هەمو بەرهەمهێنێک داهێنەرنییە. ئەم هاوکێشەیە بۆ نوسینی پەندێک، غەزلێک، قەسیدەیەک، ستونە شیعرێک یا ڕۆمانێک ڕاستە. هەروەها بۆ مۆسیقا و وێنەکێشانیش هەر وایە. ئەوەی کە تەنها لاسایکردنەوەکە دەکات لاسایکردنەوەکە بەسبون یا بەسکردنی لا دروست دەکات و ئەوەش کە داهێنان دروست دەکات، داهێنانەکە بەسبون یا بەسکردنی بۆ دروست دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا لە هەر دو باردا جۆرێک لە دەستهەڵگرتن لە بەرهەمهێنان دروست دەبێت.

لە بەرامبەر کردەی داهێنانی هونەریدا سێ چەمکمان هەیە کە لە میانی ئەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین ئەویش (بەسبون و بەسکردن و وەستانی داهێنان)ە، هەر یەکێک لەم چەمکانە هۆکار و دەرهاویشتەی خۆی هەیە، بەڵام لە خاڵێکیشدا هاوبەشن ئەویش نەمانی بەرهەمە لای هونەرمەند کە چەقی کارەکەی ئێمە دەبێت. دو جۆر بەسبون یا بەسکردنی داهێنانی لە لای بەرهەمهێن هەن:

١-**بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لای بەرهەمهێن**: دۆخێکی دەرونییە، پەیوەستە بە پێوەندی نێوان پاڵنەری بەرهەمهێنانەکە و خودی بەرهەمەکە. ئەگەر بەرهەمەکە توانی پاڵنەرەکە دابمرکێنێتەوە، ئەوە بەسبون یا بەسکردن دروست دەبێت، ئەگەر بەرهەمەکە نەیتوانی پاڵنەرەکە دابمرکێنێ ئەوە کردەی بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت. کە بەسببونیش دروستبو ناخی مرۆڤ دەشێ دو حاڵەتی بەسەردابێت:

یەکەم: بەرهەمەکە دەتوانێ تێربونی دەرونی پەیدابکات لە لای بەرهەمهێنەکە، کە ئارامبونی دەرون و هاوسەنگی لەگەڵ دایە. لەم دۆخەدا بەسکردن لە لای نوسەر دروست دەبێت.

دوەم: ڕەوانەوە یان هەڵاتن دروست دەبێت، لەم دۆخەدا بەرهەمهێن لە ئەنجامی باوەڕنەبون بە تواناکانی خۆی، یان لە ئەنجامی ڕەشبینییەوە، یاخود ڕازی نەبون لە داهێنانەکەی، یا لە ئەنجامی تێرنەبونی ڕوحییەوە بەسبونی داهێنانی لەلا دروست دەبێت. بەسبونەکە لە ئەنجامی ناسەقامگیری دەرونی بەرهەمهێنەوە دروست دەبێت و ئاکامی دەرونی خراپی هەیە بۆ سەر دەرونی بەرهەمهێن. دەشێ هۆکارێک بێت بۆ وەستانی هەتا هەتای لە داهێناندا.

– ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری لە سەر بەسبون یا بەسکردنی دەرونی هەیە:

–بارودۆخی دەرونی بەرهەمهێن و ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری وئایدولوژیا و کەسایەتی ویستی بەرهەمهێن.

– کات و دەرچون لە بازنەی کاریگەری ڕوداوەکان.

– فەرهەنگ و کولتوری کۆمەڵگا.

–جۆری وەرگر.

–ترس و دودڵی لە توانا و دەسەڵاتی هونەری لەلای بەرهەمهێن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

– فشاری ژیان ودۆخی ئابوری وكۆمەڵایەتی.

–تەمەن

دەشێ كەسانێك وابیربكەنەوە، كە ئەم بەسبونەی ئێمە باسی دەكەین هەمان بابەتی (قەرەبوكردنەوەی دەرونی)یە لای (ئەدلەر)، بەڵام وانییە و ئەم دو بابەتە جیاوازن، چونكە قەربوكردنەوەی دەرونی لە ئەنجامی هەست بە كەمبونەوە دێت، ئەم هەستەش مەرج نییە لای هەمو بەرهەمهێنێك وەك یەك هەبێ، بەڵام بەسبون یا بەسكردن لە ئەنجامی تێربونەوە دێت، واتە؛ دەشێ لای هەندێ بەرهەمهێن قەرەبوكردنەوەی دەرونی ڕوبدات، ئینجا بەسبون یا بەسكردن پەیدابببێت، بۆیە بەسبون لە قەرەبوكردنەوەی دەرونی فراوانترە.

٢-**بەسبون یا بەسكردنی شێوازی**: ئەم جۆرەیان دۆخێكە پەیوەستە بە توانای بەرهەمهێن و ویستی بەرهەمهێنەكەوە و بەسكردنە لە جۆرێك شێوازی دەربڕینی دیاری كراو و یان شێوازی قوتابخانەیەك، ڕێبازێك، قاڵبێكی دیاریكراو. كە بەرهەمهێن ئەم بەسكردنەی لەلا دروست دەبێت، چیدیكە توانای دروستكردن و لاسایكردنەوەی ئەو قاڵبە هونەرییەی نامێنێ، یان ویستی داهێنانی لە شێوازێكی دیاریكراودا نامێنێ.

لەم جۆرەیاندا نەمانی ویست دەشێ لەژێر دەسەڵاتی بەرهەمهێنەوە (بەسكردن)بێت و مەبەست لێ گواستنەوە بێت بۆ شێوازێكی نوێتر وئەزمونێكی تازەتر و دەشێ لە ژێر دەسەڵاتی بەرهەمهێنەوە نەبێت (بەسبون)بێت و پێوەندی بە تواناكانی داهێنان و ژێرخانی زانیارییەكان و ئەزمونەوە هەبێت.

**هۆكارەكانی بەسبون یا بەسكردنی شێوازی**:

– جۆری كەرەسەی دەربڕین و سروشتی لێككشانی كەرەسەكان و پانتایی كاركردن لەگەڵیان. لە ئەدەبدا زمان و سروشتی ئەو زمانە دەگرێتەوە، كە ئەدەبەكەی پێ نوسراوە. (ئەم خاڵە بۆ هونەرەكانی دیكە بێجگە لە ئەدەب بابەتی ئابوریش كاری تێدەكات).

– دەسەڵاتی هونەری و ئەزمونی هونەری بەرهەمهێن.

– زەوقی وەرگرەكان و توانای وەرگرتنیان.

– جۆری هونەرەكە و قوتابخانە هونەرییەكەی كە بەرهەمهێن پەیڕەوی دەكات. لە ئەدەبدا، ژانرە ئەدەبییەكە وڕێبازە ئەدەبییەكە دەگرێتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### پێوەندی نێوان بەسبون و بەسکردنی دەرونی و شێوازی:

زۆر جار تێربون ڕودەدات و بەسبونی دەرونی لای بەرهەمهێن دروست دەبێ، هەتا ئەگەر بەسبونی شێوازیش دروست نەبوبێ، بەڵام ئەگەر بەسبونی شێوازی ڕوبدات وبەسبوني دەرونی نەبێت ئەوە مانای وایە پاڵنەرەکە هەیە، بەڵام توانەکە نییە، بۆیە لێرە تەنها وەستان ڕودەدات و بەسبون و بەسکردنی دەرونی لە داهێناندا لەگەڵی نییە، هەردو جۆری (بەسبون یا بەسکردنی دەرونی وشێوازیش) دەشێ چەند هاوکێشەیەکی لێ دروست بێت، ئنجا ئەگەر داهێنەرەکە شاعیر، ڕۆماننوس یا وێنەکێش بێت هیچ جیاوازییەکی نییە: هاوکێشەکان بریتین لە:

یەکەم: (پاڵنەری داهێنان..........بەرهەم.......تێربون (دامرکاندنەوەی پاڵنەری داهێنان) = بەسبون یا بەسکردن

دوەم: (پاڵنەری داهێنان.......بەرهەم............تێرنەکردن........نابەسبون یا نا بەسکردن)= بەردەوام بون لە بەرهەمهێنان.

سێیەم: (پاڵنەری داهێنان.......بەرهەم.......تێرنەبون.. (هەبونی پاڵنەری داهێنان) = بەسبون یا بەسکردن

چوارەم: (پاڵنەری داهێنان.........بەرهەم...... تێر نەبون......نابەسبون ) = وەستان.

(وەستان چییە، دابڕانە لە کردەی داهێنان بە هۆکاری نەبونی توانای دەربڕین نەک بەهۆی نەمانی پاڵنەری داهێنانەکە یاخود تێر بونی پاڵنەرەکە) واتە جیاوازە لە بەسبون وبەسکردن کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە پاڵنەرەکانی داهێنان.

پێنجەم: نەبونی پاڵنەر.........زۆرلەخۆکردن.....بەرهەم.......بەسبون یا بەسکردن

شەشەم: هەبونی پاڵنەر......زۆرلەخۆکردن....بەرهەم.....نابەسبون

هاوکێشەی یەکەم ودوەم دۆخە ئاساییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەری دەگرێتەوە،

هاوکێشەی سێەم، ئەو ئەزمونە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کە هۆکاری دەرەکی کاریگەری لەسەر پرۆسە وئەزمونە ئەدەبییەکە دەبێت. وەک ناڵەباری ژیانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هۆشیاری وەرگرەکان....هتد.

هاوکێشەی چوارەم بابەتی بێدەنگی (سكتة الكاتب)ی عەربی و قفڵبونی نوسین(writers block)ی ئینگلیزی و (سندرەمی کاغەزی سپی) لە دەرونناسیدا دەگرێتەوە، ئەم چەمکانە هەمو بەژدارن لە پێناسەیەکی هاوبەشدا، کە پێی وایە ئەم دیاردانە (دۆخێکی دەرونییە دوچاری نوسەر دەبێتەوە، وا دەکات نوسەر واز لە نوسین بێنێت بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ، یان نوسەر نەتوانی بەرهەمەکەی تەواو بکات، بە هۆی نەمانی سروش ویستەوە، کە ئەویش پەیوەستە بە دۆخی دەرونیەوە)(بن بادة، ٢٠١٩/١/٢٨،سایت). هاوکێشەی چوارەم هەمو ئەو دۆخانە دەگرێتەوە وهاوکات دۆخی هەڵاتنیش لە بەرهەمهێنان دەگرێتەوە.

هاوکێشەی پێنجەم وشەشەمیش تایبەتە بەو کەسانەی کە خۆیان بە هونەردا هەڵواسیوە و لاسایکەرەوەن و ئەو بازنەیە تێناپەڕێنن.

مەبەستیش لە پاڵنەرەکانی داهێنان، سروش (ئیلهام)ە و هۆکارە دەرکییەکانی بەرهەمهێنانە وەکو ڕوداوێک یا ئەزمونێکی خۆش وناخۆش، کە بەسەر بەرهەمهێنەکەدا هاتوە و هەڵوێستە جیاوازەکان و بابەتە بۆماوەییەکان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

و جۆری بیرکردنەوە و...هتد، یاخود دەشێ بڵێین پاڵنەرەکانی داهێنان ساتەکانی بەرجەستەبون و دەرکەوتنی بروسکەکانی نەستە لە هەستدا، چونکە پێمان وایە لە داهێنانی ئەدەبیدا یەکەم هەنگاو لە نەستەوە (لاشعور) ئاماژەی پچڕ پچڕ بۆ هەست (شعور)دێت، پاشان لە ژێرڕکێفی هەست و بە ئاگایی عەقل مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. لەم توێژینەوەیدا ئێمە جەخت لەسەر داهێنان لای نوسەر دەکەینەوە، بە بۆچونی فرۆید (نوسەری داهێنەر کەسایەتییەکە ئارەزو و حەزەکانی لە نەستی خۆیدا دەمێنێتەوە و بەشێوەیەک دەریدەبڕی و دەیگۆڕی تاکو وەرگرەکان ڕازی بکات)(مریم، ٢٠٠٥-٢٠٠٦،ص٣٨). واتە؛ پاڵنەرەکە هەر شتێک یان هەر هەڵوێستێک بێت سەرەتا لە نەستەوە دێت، بەڵام بە پێی گوتەکەی فرۆید بێت هەست ڕێگە لە حەزو ئارەزوەکان دەگرێت، بۆیە بە گوێرەی دڵی وەرگرەکان دەریدەبڕێ، ئەم دۆخە دەشێ لەگەڵ هەندێک ئەزمونی ئەدەبی ڕاست بێت، بەڵام لەگەڵ هەموی نا، بۆیە ئێمە کە مامەڵە لەگەڵ پاڵنەرەکانی داهێنان دەکەین، مامەڵە لەگەڵ پرۆسێسەکە بە گشتی دەکەین نەک تەنها چۆنیەتی کارکردنی پرۆسێسەکە.

## تەوەری دوەم/دەرکەوتەکانی بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لای بەرهەمهێن(نوسەری شیعر).

بەسبون یا بەسکردنی دەرونی دۆخێکە پاشکۆی کردەی بەرهەمهێنان و داهێنانە، بەپێی پێناسەی تیۆری جەشتاڵت بێت بۆ داهێنان، داهێنان (بریتییە لە توانای بینینی کەرەستەکانی بوارەکە و درک کردنە بەو پێوەندیانەی کە بەڕوانینی سەرپێی لە نێوان کەرستەکاندا نابینرێن، پاشان ڕونبونەوە، بینین دەرکەوتن (استبصار) بۆ چارەسەرکردن و تێگەیشتن لەو پێوەندییانە پەیدادەبێت.)(مریم،٢٠٠٥-٢٠٠٦،ل٤٠)، بەپێی ئەو پێناسەیە بێت کۆتا قوناغ لە داهێناندا ڕونبونەوەو بینینەوە (استبصار)ە، بەڵام لە دۆخی بەسبوندا بۆ هەر چ جۆرە بەرهەمهێنێکی ئەدەبی بێت، یا توانای بینین ومامەڵەکردنی لەگەڵ کەرەسەکان هەر لەسەرەتاوە لای نامێنێ یا دەوەستێ، یاخود ناگاتە قۆناغی ڕونبونەوە بینین دەرکەوتن، بۆیە دۆخی بەسبون یابەسکردن پەیدادەبێت، واتا لە ئەنجامی ڕونەدانی دەرکەوتنەوە دۆخی بەسبون پەیدادەبێت، هۆکارەکانیش زۆرن، ئێمە هەوڵدەدەین لەڕێگای هێڵە بینراوەکانی پرۆسەی ئەدەبی نوسەرەکان دۆخی بەسبون یا بەسکردن لە چەند فۆرمێکی جیاوازداڕونبکەینەوە.

ئەگەر گەشتێک بکەین بەنێو ژیانی نوسەر و پرۆسەی نوسیندا، دەبینین خەڵکانێک هەن دەس دەدەنە قەڵەم وچەند شیعرێک یا چیرۆکێک دەنوسن وئیتر دەنگ و ڕەنگیان نامێنێ لە پانتایی نوسینی ئەدەبیدا، نمونە ئەو کەسانەش زۆرن لەسەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەکان، هەروەها لای هەرزەکار و عاشقەکان و....هتد. ئەم جۆرە نوسەرانە لەگەڵ نوسینی چەند بابەتێک بەسبونیان لەلا دروست دەبێت و وەستانیشی لەگەڵدا دەبێت، بۆنمونە لەگەڵ نەمانی پاڵنەری نوسینەکدا بەسبونیان لا دروست دەبێت، بەڵام هەندێک نوسەریش هەن بە بەرهەمێکی کەم ئەزمونێکی باش پێشکەش دەکەن و ئەو کەمە بەرهەمە بەسکردن لە لای نوسەرەکان دروست دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا جێکەوتێکی بەردەوامیشی لای خوێنەر دەبێت.

شاعری فەرەنسی (رامبۆ)(١٨٥٤–١٨٩١) سی و حەوت ساڵ دەژی و لە هەرزەکارییەوە دەست بە نوسین دەکات، بەڵام لە بیست ساڵیدا ئیتر وازدێنێ لە نوسینی شیعر (رامبۆ،٢٠٠٧،ل١–٣٠)، چونکە ئەو بەرهەمانەی کە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نوسینی بەسبون یا بەسکردنی لەلا دروستکرد، چیدیکە دەرونی ئامادەنەبو و عەقڵی پرۆسێسی شیعر نوسینی قەبوڵ نەدەکرد، جا هۆکارەکەی تێربون بێت یان هەڵهاتن بێت یا باردۆخی ژیانی پڕ هەڵبەز ودابەزبێت. گرنگ ئەوەیە پاش وەستان، حەڤدە ساڵی تەمەنی بێ بەرهەمی شیعری بو، ئەمەش بۆمان دوپات دەکاتەوە، کە لای (رامبۆ) پاش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بەسبون یا بەسکردنی داهێنانی دەرونی لەلا دروست بوە. هاوشێوەی ڕامبو، (جیرۆمی سالنجر، چوار کتێبی نوسی و سی وپێنج ساڵ بێدەنگ بو و هەروەها ئنریکی بانشی ئەرجەنتینی کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی (سەندوقی هەڵبژاردن) و پاشان سی وپێنج ساڵ بێدەنگ بو و....هتد) (الفلاح، ٢٠١٧/٢/١٨، سایت)، ئەم دۆخانە بەدۆخی (سكتة الكاتب)ی عەرەبی و (وەستانی نوسەر – writer block)ی ئینگلیزیەوە بەندکراوە، بەڵام لای ئێمە ئەم دۆخانە دۆخی بەسبون یا بەسکردنە، چونکە نوسەران توشی بەسبون دەبن و هەر ئەوەیە وایان لێدەکات نوسین لەلایان بلۆک بکات وبوەستێ.

لە ئەزمونێکی دیکەی ئەدەبیدا شاعری ڕوسی (سێرگی یەسنین)(١٨٩٥–١٩٢٥)، لە تەمەنی کورتی ژیانیدا و تا کۆتا ساتی ژیانی بەسبونی داهێنانی لا دروست نەبوە، بەڵگەش (چامەی خوا حافیزییە، کە بەر لە مردنی (کۆتایی هێنان بە ژیانی) بەناونیشانی (خوات لەگەل برادەر خوات لەگەڵ) نوسیویەتی، کە وەکو بەڵگەی سەلماندنی خۆکوشتنەکەشی بەکارهاتوە (الرحبي،٢٠١٧/٧/١٠،سایت).، واتە شاعیر ئەگەرچی وەکو دیارە دۆخی دەرونی سەقامگیر نەبوە، بەڵام بەسبونیشی لەلا دروست نەبوە، بۆیە دەست هەڵناگرێ لە بەرهەمهێنان تا کۆتاییەکانی تەمەنی، ئەگەر بەسبونی لەلا هەبوایە سەلیقەی نوسینی لەلا نەدەما. واتە (یەسینین) بەسکردنی لە ژیان بۆ دروست بو و کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا، بەڵام تا دوا سات دۆخی بەسبونی دەرونی داهێنانی لا دروست نەبوە، وەتا کۆتای ژیانی ڕوحی تامەزرۆی دروستکردن بوە.

دەیان نمونەی دۆخە جیاوازەکانی بەسبون یابەسکردن هەن لە لای نوسەرانی ئینگلیز و ڕوس و عەرەب و فارس وتورک....هتد. واتە ئەم دۆخە لەکوێ پرۆسەی هونەری وئەدەبی هەبێت دەردەکەوێ، جا ئەگەر بەسببونی کاتی بێت یا هەمیشەیی بێت، گرنگ ئەوەیە بونی هەیە.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، ئەم دۆخە زۆرە و هەندێک جار دۆخی بەسبون یا بەسکردن لە نێو خودی شیعری شاعیرەکاندا درکی پێ کراوە و ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە دەربڕینی جیاواز بۆ نمونە:

نالی شاعیر دەڵێ:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت کەس تێنەگەیشت ئێستا خەمۆشم(مودەرس،١٣٧٩،ل٢٨٠).

بەپێی ئەم دەربڕینە بێت، (نالی) کە ئەم دێڕەی نوسیوە، لەسەر و بەندی پرۆسەی دۆخی بەسبونە، چونکە باس لە خەمۆشی (بیدەنگی) خۆی دەکات، هۆکارەکەشی دەخاتە ئەستۆی وەرگر، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا یەکێک لە هۆکارەکانی بەسبون یابەسکردن جۆر و هەڵسوکەوتی وەرگرەکانە، بۆیە (نالی) کە پەیامی شیعری وەکو توحفەی خۆی ئاراستە دەکا، لەڕوی دەرونییەوە چاوەڕێی وەرگرتن وکاردانەوەی وەرگرەکانیەتی، کە وەرگرەکان لە ئاستی پێویستی وەرگرتنی دەقەکان نەبون، ئەوکات کێشە دەکەوێتە پرۆسەکەوە، بە مانایەکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دیکه شاعیر تێرنەبوە لە بەرهەمهێنان، بەڵام بە هۆی نەبونی وەرگری پێویستەوە بەسبونی لا دروست دەبێت و ئەم دۆخەی نالی لەگەڵ هاوکێشەی سێیەمدا (پاڵنەری داهێنان –دەق –تێر نەبون –بەسبون یا بەسکردن) دەگونجێ، بەڵام (نالی) کاتێک دەڵێ (ئێستا خەمۆشم) خۆی لە ناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعریدایە، بۆیە ئێمە دەڵێین (نالی) تەنها درکی بە دۆخەکە کردوە و مەرج نییە ئەو بەسبون یا بەسکردنە لە واقیعدا گەیشتبێتە ئاستی وەستان و دەست هەڵگرتن لە بەرهەمهێنان، ئەگەر وردەکارییەکانی ئەزمونی نوسینی نالیمان لە بەردەست بوایە بەپێی مێژوی نوسینی دەقەکان، ئەوکات دەمانتوانی قۆناغە ڕاستەقینەکانی بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لای نالی دەستنیشان بکەین.

(گۆران)ی شاعیریش دەڵێ:

هەرچەندەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم(عبد الكريم،١٩٨٠، ل١٢١).

لەم ئەزمونەشدا شاعیر درکی بە بەندبونی تواناکانی داهێنانی خۆی کردوە، بۆیە دان بەوەدا دەنێت، کە هەندێک جار شاعیر قفڵ دەکات و خەیاڵاتەکانی بۆڕێک ناخرێ، ئەم دۆخەی گۆران باسی دەکات لەگەڵ هاوکێشەی چوارەمدا دەگونجێ (پاڵنەری داهێنان---بەرهەم -----تێر نەبون ----نابەسبون---وەستان). ئینجا لای گۆران وەستانەکە کاتییە و دەشێ لە چەند خولەکێک یان کاتژمێرێک یا ڕۆژێک تێپەڕنەبوبێت، چونکە هەر لەو شیعرەدا سەلیقەی نوسینی شیعری گۆران درکردنی خۆی بەو دۆخە دەقۆزێتەوە بۆ داهێنانی شیعرێکی هونەری جوان.

دۆخی بە سبون یا بەسکردن پێوەندی بە درێژی وکورتی شیعرەکانەوەش هەیە، بۆنمونە؛ (نالی) کاتێک کە شیعری (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دەنوسێ، نە دێڕێک ونەدوان و نە دە بەسبونی لەلا دروست ناکات، چونکە پاڵنەرەکە دانەمرکاوەتەوە، بۆیە ئەو چامەیە درێژ دەبێتەوە بۆ ٤٣ دێڕ، واتە (نالی) دوای ٤٣ دێڕ ئینجا بەسبون یابەسکردنی لە لادروست دەبێ، بە مانایەکی دیکە ئەو پاڵنەرە دەرونییە، کە لە پشت بەرهەمهێنانی ئەم شیعرەوە بوە، لە ساتەوەختی بەرهەمهێناندا بۆ ماوەیکی زۆر چالاک بوە، کەچی هەمان هەستی خۆشەویستی وار و نیشتمان لە شیعری (درونی ل دار الشارزور)دا، لە (٩) دێڕدا کۆتایی پێ دێت. واتە چالاکی پاڵنەرەکە کورتخایەنتر بوە و بەسبونیش زوتر ڕویداوە. هۆکارەکەشی پێوەندی بە کاریگەری و جێکەوتی پاڵنەرەکان لە دەرونی شاعیردا و ڕاستەقینەبونی سۆزیش لە ساتی بەرهەمهێناندا هەیە.

هەر لای (نالی) بەپێی ئەو دیوانەی کە تا ئێستا لە بەر دەستماندایە، دەبینین شیعری هەیە بۆ پاشاکانی بابان و لەشکری بابان و...هتد، بەڵام تەنها ئەو دو شیعرەی سەرەوە ڕاستەوخۆ سۆزی وار و شوێنی یەکەمی تێدا دەرکەوتوە، واتە لەم بابەتەدا ئەو دو شیعرەی بونەتە هۆی پەیدابونی بەسبون یابەسکردنی دەرونی، کەچی هەمان سۆزی نیشتمان و وارو گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم لای حاجی قادری کۆیی، لە چەندین شیعردا بە کورتی وبە درێژی دەردەکەوێ (بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی)، (ڕێبوار سیوەیلی) لە بارەی ئەم دۆخەوە پێی وایە لای حاجی: ((بە پیرۆزکردنی شوێنەکان، ئەوەندی پەیوەندی هەیە بە یادەوەری سەرەتایی حاجی قادر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەشوێنی یەکەمەوە، ئەوەندە پەیوەندی نییە بە بەستنەوەی حاجی قادر بە بیروڕایەکی ئاینی تایبەتەوە))(سیوەیلی، ٢٠١٦،ل٩٨). ئێمە کارمان لەگەڵ سۆزە بۆ شوێنی یەکەم، پیرۆزی ئەو شوێنانەش لای (حاجی) وامان لێ دەکات بڵێین پاڵنەری داهێنانەکە لە لای حاجی، بەردەوام هەبوە و هەرجارێک دێڕێک یان چەند دێڕێکی نوسیوە وەستانی کاتی ڕویداوە، بەڵام تێرنەبون و نابەسبون هەبوە، بۆیە دوبارە پاڵنەرەکە دەرکەوتوەتەوە و کردەی بەرهەمهێنان و گەڕان بە دوای بەسبون یا بەسکردنەکە دوبارەبۆتەوە. لەم بابەتەدا دۆخەکەی (نالی) لەگەڵ هاوکێشەی یەکەمدا و دۆخی (حاجی)یش لەگەڵ هاوکێشەی دوەمی هاوکێشەکانی بەسبوندا دەگونجێ. بە مانایەکیتر بەپێی دۆخە شیعرییەکان بێت، مانەوەی (نالی) لە بازنەی دەرکەوتەکانی سۆزی وار سەبارەت بە بەرهەمهێنانەوە کەمتر دەخاێنێت بە بەراورد لەگەڵ دەرکەوتەکانی ئەو سۆزە وەک پاڵنەری داهێنان لەلای (حاجی)دا، واتە؛ لە ئەزمونی شیعری نالیدا بابەتی وار بەشێوەیەکی بەرجەستە و ڕاستەوخۆ لە چەند تاقیکردنەوەیەکی کەمدا دەردەکەوێ، ئەمە لەبەهای بەرهەم و ڕاستەقینە بونی سۆزی ناو بەرهەمی هیچ کام لەم شاعیرانە کەمناکاتەوە یا زیادناکات، ئەمە تەنها دۆخی کردەی داهێنان لەم بوارەدا و لای دو شاعیر شرۆڤە دەکا.

بەپێی ئەزمونە شیعرییەکان بێت، بەسبون یا بەسکردن دۆخێکە دەشێ دروست بونی زۆر نەخاێنێ و دەشێ کاتێکی زۆری پێویست بێت، هونەری (چوارین وتاک بەیت) یەکێکە لە و ئەزمونە شیعریانەی کە بەسبون یا بەسکردن تێیدا زو ڕودەدا، چونکە سەرەڕای ئەوەی ستایلێکی نوسینە، نێرەری پەیامێکی چڕیشە، واتە لە چوارینda ئەو بروسکە هزری و وێنەییانەی لە نەستەوە دەنێردرێن کورت و خێران، بۆیە بەسبونەکەش زو پەیدادەبێت بەهەمان شێوە لە تاک بەیتیشدا هەر وایە، هەتاکو ئەگەر شاعیر زۆریش لە خۆی بکات یان مەبەستی بێت لە هونەری چوارین وتاک بەیتدا ئەزمونی هەبێ، ئەوە بەهەمان پرۆسەی بیرکردنەوە و باری دەرونییدا تێپەڕ دەبێت، جیاوازییەکەی تەنها لەڕاستەقینە بون و ڕەسەنایەتی بەرهەمەکەدایە، واتە؛ کردەی بەرهەمهێنانی چوارین یان تاک بەیت لەو کردانەیە کە بەرهەمهێن زو دەگاتە دۆخی بەسبون یا بەسکردن، چونکە مانەوەی پاڵنەرەکانی داهێنانی ئەم جۆرە بەرهەمانە زو کپ دەبێت.

یەکێکی تر لە دۆخەکانی بەسبون یا بەسکردن لە شیعری داشۆریندا بەرچاودەکەوێ، شیعری داشۆرین، چونکە جۆرێک لەڕق و هەستی تۆڵەسندنەوەی لەگەڵە، بۆیە زۆر جار بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لای شاعیر بە پێرادەی قوڵی ململانێکە گۆڕاوە، بۆ نمونە لە نێوان (شێخ ڕەزا) و (شوکری فەزڵی)دا (٢١) دەقی داشۆرین هەیە، دەق بەرامبەر دەق گوتراوە هەندێک دەقی کورت و هەندێک درێژ و تاک بەیتیشی تیدایە، بۆیە ئەو ململانێیە هەندێک جار لە تاک بەیتێکدا بەسبون یا بەسکردنی لە لای شاعیر دروستکردوە و هەندێک جاریش تا یەکتریان لە چەندین دێڕدا تێر جنێو نەکردوە، بەسبون یا بەسکردنییان لا دروست نەبوە، خۆ ئەگەر پاڵنەری ئەو شەڕە قسەیە هێندە دوبارە نەبوایەوە و لای هەردو نوسەر زو دابمرکایەوە، ئەوە لە یەک داشۆریندا کۆتایی پێدەهات، بەڵام درێژە کێشانی داشۆرینەکان پێوەندی بە درەنگ کەوتنی دەرکەوتنی بەسبون یا بەسکردنی دەرونییەوە هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هەر لەهەمان بازنەی بەرهەم هێنانێ شیعری وئەزمونی شیعریدا، بەڵام ئەمجارەیان وردی بکەینەوە بۆ ئاستی دێڕەکان دەبینین، هەندێک جار شاعیرێک یەک شێواز دەربڕین بۆ گەیاندنی چەندین مەبەست بەکاردەهێنێت، ئەمەیان پێوەندی بە بەسبونی شێوازییەوە هەیە و لە تەوەری سێیەمدا باسی دەکەین، بەڵام هەندێک دیاردەش هەن، کە هەمان دەربڕین بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکاردەهێنن و تەنها تۆزێک دەستکاری سیاقەکەی دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە لایەنێکی پێوەندی بە تواناکانی داهێنان و دەسەڵاتی زمانی و ئەزمون و لێهاتوی شاعیرەوە هەیە، لایەنێکی دیکەی پێوەندی بە دیاردەی بەسبون یا بەسکردنی دەرونیەوە هەیە، بۆنمونە؛ لە لای (سابری) شاعیر، وشەی (عەناب) لە چەندین شوێندا دوباربوەتەوە،(د.ئازاد باخەوان) لە شیکردنەوەی ئەم دۆخەدا سێ دێڕی هەڵبژاردوە وپێی وایە کە ((شاعیر لە دوبارەکردنەوەی وشەی(عناب)دا دەیەوێت جەخت لەسەر ڕاستیەک بکاتەوە، کە پێوەندی بە ناخی خودی شاعیروە هەیە)) (فەرج، ٢٠٠٩،ل١١٣). ئەم قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵام بۆ؟ شیعرەکان بریتین لە:

-تێدەگا بۆ لەرز وتا –عناب-ی لێوشافییە

بۆیە لێوی خۆی گەزیوە دەست و پەنجەی وادەکا

-چومە کن نەوعێ –اطبا-بۆ عیلاجی لەرز وتا

جملە فەرمویان هەر(عناب)ە دەفعی تا دەکا

-عاشق وغەمبار و چاوت شەراب

خەستەم وتادارم و لێوت عناب(فەرج، ٢٠٠٩،ل١١٣).

لەم دێرانەدا ئەگەر شاعیر وشەی (عناب)ی بۆ گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆر بەکاربهێنایە، ئەوکات دەمانگوت ئەوە پێوەندی بە بەسبون یا بەسکردنی شێوازییەوە هەیە، بەڵام لێرەدا شاعیر لەهەر سێ دێڕدا (عناب)ی وەکو چارەسەری لەرزوتا بەکارهێناوە، بێگومان ئەم دۆخە پێوەندی بە تواناکانی داهێنانی شاعیرەوە هەیە، بەڵام هەبونی ئەم دۆخە شێوازییە تەنها پێوەندی بە شێوازەوە نییە، پێوەندی بە لایەنی دەرونی شاعیرەوە هەیە، چونکە شاعیر کە بیرۆکەی بەکارهێنانی عەنابی بۆدێت لە یەکەم بەکارهێنانەوە بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لا دروست ناکات، بۆیە دوبارە و سێ بارەی دەکاتەوە، خۆ ئەگەر لەیەکەم بەکارهێنانەوە بەسبون یابەسکردنی لا دروست بکردایە، سەلیقەی دوبارە بەکارهێنانەوەی نەدەبو، بەڵام شاعیر هێندە لەژێر ڕکێفی بیرۆکەکە بوە و چێژی لێبینیوە، بۆیە بە سێ دەرکەوتە ئینجا بەسبون یا بەسکردنی لادروست بوە، واتە قسەکەی (.ئازاد باخەوان) ڕاستە و ئەم بابەتە پێوەندی بە ناخی نوسەرەوە هەیە دواجار ناخی نوسەریش لە شێوازی نوسیندا بەرجەستە دەبێت.

لە تەوەری یەکمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە بەسبون یا بەسکردنی دەرونی داهێنان دەشێ دو دۆخ دروست بکات تێر بون وسەقامگیری و هاوسەنگی دەرونی، یاخود هەڵهاتن وڕەشبینی ودورکەوتنەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان. هەندێک جار نوسەر بەرهەمێک دەنوسێ ناڕازی بونی خۆی لە بەرهەمەکەی وادەکات توشی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەسکردنی بکات و دەست لە نوسین هەڵگرێت و لێی دوربکەوێتەوە هەندێک جاریش بەپێچەوانەوە، هێندە ڕازییە لە بەرهەمەکەی بەسکردنی لادروست دەکات و وەستانی هەمیشەیی لا دروست دەبێت. بۆ نمونە:

لە ئەزمونی (ئەحمەد هەردی)شاعیردا، ئەحمەد هەردی خۆی باس لەوەستانی شیعری خۆی دەکات و قۆناغەکانی شیعر نوسینی دەکاتە سێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم سەرەتای هەرزەکاری و سەردەمی لاوی، کە بەسەردەمی ترۆپکی شیعری خۆی دادەنێت و قۆناغی دوەم دەست پێکردن بە خوێندنەوەی کتێب و وتاری فەلسەفی، قۆناغی سێیەمیش بەتەواوەتی ڕۆچون بە ناو خوێندنەوەی زانستی وفەلسەفیدا و بەتەواوەتی فەرامۆش کردنی شیعرە(هەردی،١٩٨٤،ل٣١). (ئەحمەد هەردی) شیعرەکانی (رازی تەنیایی) بەسبون یا بەسکردن و وەستانی لەلا دروستکردوە، خۆی دەیگەڕێنێتەوە بۆ گۆڕانی هزری و ئایدیۆلۆژی خۆی، ئەمەش ڕاستە، چونکە هۆکارێکی دروست بونی بەسکردنی داهێنان گۆڕانکارییە هزری وئایدیۆلۆژییەکانە، بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە دەبنە هۆی نەمانی پاڵنەرەکانی داهێنان، کە دواجار ئەویش دەبێتە هۆی بەسبون یا بەسکردن، یاخود (رازی تەنیایی) توانی پاڵنەرەکانی داهێنان لای شاعیر دابمرکێنێتەوە، بۆیە بەسبون یا بەسکردن دروست بو، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی (ئەحمەد هەردی) دابڕانێتی لە شیعر و دواتر پاش نزیکەی سی ساڵ لە دابڕان تەواوکردنی سێ شیعری ناتەواوە، لە بارەی تەواوکردنی ئەو شیعرانەوە شاعیر دەڵێ: ((بەڵێنیشم دابو هەرچۆنێک بێت ئەم شیعرانە تەواو بکەم.........نەشم ئەزانی کە تەواونەکردنی ئەو شیعرانە و بێدەنگی ئەم چەند ساڵم بە جۆرێکی تایبەتی لێکدراوەتەوە و کراوە بەبەڵگەیەک کە من هەرگیز ناتوانم شیعر بڵێم. بەڵام کە هاتمەوە وئەم قسانەم خوێندەوە، بڕیارم دا کە ئەم شیعرانە تەواو بکەم))(هەردی، ١٩٨٤، ل١٥-١٦).، لەڕاستیدا کە شاعیر لە شیعر نوسین دەوستێ بە هۆی بەسبون و تێر بونی پاڵنەری داهێنانە، بەڵام کە دێتەوە وەکو خۆشی دەڵێ بە هۆی قسە وبڕیاری خەڵکەوە بوە بڕیاری تەواو کردنی شیعرەکانی داوە، واتە شاعیر پاڵنەرێکی تازەی داهێنانی لا دروست بوە و ئەو پاڵنەرە تازەیەش هۆکارە بۆ ژیاندنەوەی پاڵنەرە کۆنەکە و کە شیعرەکان تەواو دەکات ئەو پاڵنەرش دادەمرکێتەوە، بۆیە دوبارە دەچێتەوە دۆخی بەسبون یا بەسکردن. ئەو شاعیرانەی کە بەرهەمەکانیان بە نیوەچڵی بەجێدەهێڵێن هۆکارەکەی بەسبونی دەرونییە و کپ بونی پاڵنەری داهێنانەکەیە و کە دوبارە دەگەڕێنەوە سەری، جا پاش کاتژمێرێک یاڕۆژێک یا چەندین ساڵ بێت وتەواوی دەکەن، ئەگەر لەژێر کاریگەری دەرکیشەوە بێت وەکو (ئەحمەد هەردی)، ئەوە دەبێت دوبارە ئەو پاڵنەرە کپە لە ناخیاندا بژێننەوە، بەڵام دوەم جار کە پاڵنەرەکە دەژێتەوە دەشێ ئەزمونی دیکەشی تێکەڵ ببێت. سەرنجامیش تا بەسبون یا بەسکردنڕو نەدات کۆتایی پێ نایەت.

هەر لە لای (ئەحمەد هەردی) و لە ئەزمونە شیعریەکانیدا جۆرێک لە بەسنەبون هەیە، کە وەکو بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی چەمکی بەسبون بەکاریدێنین، ئەویش شیعری (ست فاتمە) و (دو چەشن دڵداری)یە، شاعیر دەڵێ: ((سەرکەوتنم لە شیعری ست فاتیمەدا هانی دام کە شیعرێکی تر دابنێم سەرومڕ بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابێت))(هەردی،١٩٨٤، ل١٧).، واتە شاعیر کە شیعری (ست فاتیمە) دەنوسێ ئەو شیعرە بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لە داهێنان لەلا دروستناکا و ئەو چێژەی کە کردەی بەرهەمهێنانەکە بە شاعیری بەخشیوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەسبونی لا دروست نەکردوە، بەڵکو بۆتە هۆی پەیدابونی شیعری (دو چەشن دڵداری)، واتە شاعیر بەدوای گەیشتن بە تێربون و بەسبوندا دوبارە بەرهەم دروستدەکاتەوە.

لە لای (دیلان)ی، شاعیریش، ئەزمونی بەسنەبون یا بەسنەکردن هەیە، شیعری (ئەوپەڕی هەست)، کە لە ((ساڵی(١٩٥٠) بنیات دەنێ و لەڕوانگەی بیروباوڕە ئەنترناسیۆنالیزمێکەیەوە)) (علی، ٢٠٠٧،ل٦٦). دەینوسێ و ((بەهەمان تێروانین تاقیکردنەوەیەکی شیعری بە ناوی (جانەوەری شەڕ) لە ساڵی ١٩٥٢دا، بە ٥٤بەیت بنیات دەنێ)) (علی، ٢٠٠٧،ل٦٧). واتە؛ شیعری ئەوپەڕی هەست بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لە داهێناندا بەشاعیر نەبەخشیوە، هۆیەکەشی دانەمرکانەوەی پاڵنەری داهینانە، کە لێرەدا ئایدیۆلۆژیا ئەنترناسیۆنالیزمێکەی شاعیرە، بۆیە ئەمیش لە دوای دوساڵ لە هەمان بازنەی ئەزموندا بەرهەمی نوێ دروست دەکات.

ئەزمونێکی دیکەی شیعری ئەزمونی (محمد عومەر عوسمان) (جەنەرالی پایز)ە، سەرنجی ئەم ئەزمونە شیعرییە بدەین، دەبینین تەنها دیوانی (لە غوربەتا)بەسبون یا بەسکردن لەلای شاعیر دروستدەکات، ئەو تیربونەی ئەو دیوانە بە شاعیری بەخشی تا کۆتای ژیانی شاعیر بەشی کردوە و بەسبونی دەرونی بۆ دروستکردوە، پاڵنەرەکانی داهێنان ئەگەر پەیوەست بێت بە ئەزمونێکی تاڵی خۆشەویستی، کە شاعیر تێیدا ژیاوە ئەوە دیوانی لە غوربەتا ئەو پاڵنەرە دادەمرکێنێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەم قسانە گفتوگۆکانی شاعیر خۆیەتی، شاعیر لە دیمانەیەکدا دەڵێ: (من پێم وایە ئینسان لە ژیانی عاشق نەبێ هەرگیز نابێ بە شاعیر، شاعرێک دەڵێ من لە عەشقا تێک شکام بە لام تێکشکانەکەم کردمی بە شاعیر، ئەگەر عەشقێک نەبێت شعریش دروست نابێت.....)(عوسمان،٢٠١٩/١٠/٢٣،دیمانە) لێرەدا شاعیر باسی پاڵنەری داهێنانەکەی خۆی دەکات، ئەو پاڵنەرە بە (لەغوربەتا) دامرکاوەتەوە و لە وڵامی پرسیارێک سەبارەت بە وەستانی نوسینی شیعر لەلای شاعیردا دەڵێ: (من لە شیعرا لەگەڵڕەنگدا تەعامولم کردوە، گەڵای زەرد سەوزی کەمتر تێدایە. ئەو سەردەمانەش سیاسەت بو بو بەڕەنگ ورەنگ کاری....من تەعامولم لەگەڵ ڕەنگدا بو ئەو سەردەمە کە ئەو بەزمە پەیدابو کوردایەتی وحزبایەتی وئایدیۆلۆژیا ببو بەڕەنگ ورەنگ کاری و شەڕە پەڕۆ صەدەمەیەک بو بۆ شیعر نوسینی من.... هەمیشەش ئیمانم بەوە بوە، دەڵێ: کۆپلەیە شیعر بنوسی بە مەعنا شیعر بێت، باشترە لەوەی دە دیوان شیعری ئاسایی بنوسی)(عوسمان،٢٠١٩/١٠/٢٣،دیمانە)، واتە شاعیر هەوڵدەدات پاساوێکی دەرونی وئایدیۆلۆژی بۆ وەستانی داهێنانە شیعرییەکەی بدۆزێتەوە و دواتر ڕونتر قسە دەکات و قەناعەتی خۆی بەو دیوانە شیعرە و بەهای ئەو دیوانە شیعرە باس دەکات، واتە دەرونی شاعیر ئامادەیی داهێنانی شیعری تێدا نییە، چونکە پێش وەختە بڕیاری لەسەر داوە، کە پێویستی پێ نییە و لە نەستدا ئەم بڕیارە کۆگاکراوە، بۆیە لە دوای ئەو دیوانە زۆر بە کەمی هەوڵی نوسینی شیعری داوە و تاکوتەرا بەرهەمی بڵاوبۆتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەسبون یا بەسکردنە هەمیشەییە بوە، کە شاعیر لەگەڵیدا ژیاوە، ئەو ماوەیەش کە شاعیر پێویستی پێ بوە تا گەیشتوەتە بەسبون لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ تا کۆتایی هەشتاکانی هەمان سەدەی درێژەی کێشاوە. تا ئەو کاتەی توانیویەتی لە بازنەی کاتی ڕوداوە پاڵنەرەکانی داهێنانی ژیانی دور بکەوێتەوە، ئەم ئەزمونەی جەنەراڵی پایز لەگەڵ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هاوکێشەی یەکەمدا دەگونجێ (پالنەری داهێنان.......بەرهەم...........تێربون....(دامرکاندنەوەی پاڵنەری داهێنان)......بەسبون یا بەسکرن).

هۆکارێکی دیکەی بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لە داهێناندا پێوەندی بە نەبونی کەناڵێکە بۆ بڵاوبونەوەی بەرهەم، بۆنمونە (قەدری جان) ((لە کاتی بونی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە سوریا و لوبنان، ئەوە بەرهەمی بەردەوام بوە، بەڵام کە ئەو دەرفەتە نەما دەبینین بەرهەمی زۆر کەمە و بەشێکی ئەو کەمەش وندەبێ. تەنانەت لە ژیان وبەرهەمی قەدری جاندا ئەو ڕاستییە دەبینین کە شۆرشی ١٤ تەموزی١٩٥٨ی عیراق، تەوژمی ئازادی سەندنی کوردی عیراق، دەیهەژێنێ ولەتاقە ساڵێکدا کە سەری بەغداشی تێدا دا کۆمەڵێ شیعر بۆ پشتگیری عیراق دەنوسێ ولە گۆڤارڕۆژنامەکان بەغدا بڵاودەکرێتەوە)) (ڕەسول، ١٩٨٩،ل١٥٥) واتە هەبونی دەرفەتی بڵاوبونەوە وڕوداوە سیاسیەکان پاڵنەرەی شیعر نوسین بونە و بەنەمانیان بەسبون یا بەسکردنی داهێنان پەیدابوە و لەهەبونیشیندا بەسنەبونی داهێنان هەیە، چونکە بە نەمانی پاڵنەرەکان چیدیکە کردەی بەرهەمهینانەکە چێژی دەرونی پێ نەبەخشیوە و هەر کە دەرفەتێک دروست دەبێتەوە کردەی بەرهەمهێنان دوبارە دەبێتەوە.

دیاردەی بەسبون یا بەسکردن و دەرکەوتەکانی لە ئەزمونی شاعیراندا دەکرێ بۆ هەر شاعیرێک بە جیا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت، بەڵام لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین زۆرترین جۆری دۆخەکانی بەسبون یا بەسکردن وبەسنەبونی داهێنانی لە لای نوسەرە جیاوازەکان بخەینەڕو.

یەکێک لەو هۆکارنەی کە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دروست بونی دۆخی بەسبونە، گۆڕانی دۆخی کۆمەلایەتی و ئابوری و بارودۆخی ژیانە، بۆیە دەبینین لەگەڵ پەیدابونی مۆبایلە شیعر و بەرهەمی شیعری نێو سوشیال میدیا، دۆخی بەسبونیش لە لای نوسەران زوتر دروست دەبێت، هۆکاری یەکەمی ئەم بابەتەش زو بڵاوبونەوەی بەرهەمەکانە و زو وەرگرتنەوەی ولامدانەوەی وەرگرەکانە ئەم جۆرە بەسبون یا بەسکردنە وەستانی لەگەڵ نییە، (د.فوئادڕەشید) لە بارەی کورتی مۆبایلە شیعرەوە دەڵێ: (ئەگەر لە دوێنێدا کورت بونی فۆرمێکی شیعری پەیوەست بوبێ بە پێوەرێکی هونەری، یان ڕەوانبێژی، ئەوە ئەمڕۆ لە مۆبایلە شیعردا تەکنەلۆژیا زیاتر ئەم کورتییە دیاری دەکات وسروشت و سیستەمی کاری ئەم وا دەخوازێت)(ڕەشید،٢٠٠٧،ل٧٤)، بەڵام سەرەڕای ئەو هۆکارانەش بابەتێکی دیکە لەکۆن و لەئێستاشدا هەبوە و هەیە، ئەویش دۆخی بەسبون یا بەسکردنە لای بەرهەمهێنەکان، کە پەیوەستە بە دۆخی دەرونی پێش و دوای کردەی بەرهەمهێنانەوە، واتە پرۆسەکە هەمان پرۆسەیە لە نێوان ئەو شاعیرە کۆنەی، کە چوارینێکی دەنوسی و ئەو شاعیرە نوێیەی کە مۆبایلە شیعرێک یا بروسکە شیعرێک دەنوسێ، بۆ هەمان پرۆسەیە؟ چونکە لە لای هەردوکیان گەیشتن بە دۆخی بەسبونی دەرونی لە داهێناندا کردەیەکی کەم خایەنە، جیاوازییەکەی لەوەدایە، لای شاعیری کۆن دەشێ وەک د.فوئاد دەڵێ پێوەندی بە شێوازێکی دیاریکراوەوە هەبێت، بەڵام لە ئێستادا خێرایی و جەنجاڵی ژیان زۆرجار ڕێگرە لە بەردەوام بونی کردەی بەرهەمهێنان و درێژبونەوەی ماوەی هاتنی ئیلهام، یاخود نەمانی دەرفەت بۆ نەست (لاشعور) تاکو بە ئارەزوی خۆی بروسکەکانی بۆ هەست (شعور) بنێریت، چونکە هەست هەمیشە جەنجاڵ و چالاکە وڕێگە بەنەست نادا چالاک بێت، یاخود درک بە چالاکییەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نەست ناکات. بۆیە لەم دۆخەدا دەرکەوتەکانی بەسبون پچڕ پچڕن و زو دەردەکەون و هەر زو نامێنن. بۆنمونە، بورهان ئەحمەد لە بروسکەیەکی شیعریدا دەڵێ:

لە کوژراوێکەوە بۆ گولەیەکی وێڵ

پڕ بە دڵ سوپاست دەکەم(ڕەشید،٢٠٠٧،ل٧٧).

لەم بروسکەیەدا شاعیر سێ بابەتی فراوان وقوڵ، کە (مردن و چارەنوس و دۆخی دوای مردن)ە، لە یەک دێڕدا باسی دەکات، چونکە ئەو دێڕە بەسبون یا بەسکردنی دەرونی لای دروست دەکات، ئینجا ئەگەر دۆخی بەسبونەکە هاوسەنگی و ئارامی دەرون لەگەڵ خۆی بێنێت، یاخود هەڵهاتن لە بابەتەکەی لەگەڵ خۆی هێنابێت، لە هەردو باردا نوسەر بەسبونەکەی لا دروست بوە، کە بەڕای ئێمە هەڵهاتن و خۆدزینەوەی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەڵهاتنەکەش پێوەندی بە دۆخی دەرونی مرۆڤەکانەوە هەیە، لە سەردەمی جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیادا.

ئەگەر چاوبخشێنن بە نێو دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکان دەبین زۆر جار تاکە بابەتێک بوە بە هەوێنی دروست بونی چەندین شیعر، یاخود بابەتێک تەنها بوە بە هەوێنی پەیدابونی تاکە شیعرێک وئیتر هیچ دەرکەوتەیەکی لا شاعیر نەبوە، هەبونی ئەم دۆخانە لای شاعیر پێوەندی بە زو دەرکەوتن و درنگبونی دۆخی بەسبونە، بۆنمونە، (وەلی دێوانە)ی شاعیر، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بازنەی کاریگەرییەکانی (شەم) لانادات، واتە پاڵنەرەکانی داهێنان چونیەکن و بەردەوام بونیان هەیە، هەرچەند شاعیر بەرهەمێک دروست دەکات ئەو بەرهەمە بەسبونی لەلا دروست ناکات و هاوسەنگی دەرونی و ئارامی دەرونی هەمیشەیی بۆ دروست ناکات. بۆیە شاعیر لەهەمان بازنەدا دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی دروست بونی بەرهەمی نوێ ولە هەر بەرهمێکی نوێشدا شەم بەڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بونی هەیە، بەڵام ئەگەر تەماشای نالی بکەین دەبینین، ئەگەر بابەتی (حبیبە)ی لێدەرکەین، شیعرەکانی دیکەی هەمەجۆرە و بابەتەکان زۆرن، واتە پاڵنەرەکانی داهێنان لای نالی زۆر بوە، هەر جار لە بابەتێکدا شیعرێکی نوسیوە و کە لەو بابەتەدا بەسبونی بۆ دروست بوە، سەلیقەی شیعری و سیستەمی کار کردنی مێشک بەرە و داهێنانێکی تازە و بەهەبونی پاڵنەرێکی تازە و پرۆسەیەکی ئەدەبی تازەی بردوە، واتە ئەو شیعرانەی کە بۆ هەمان بابەت نوسراون، هەمان پاڵنەریان هەیە بەڵام شێوازە جیاجیاکانی پێوەندی نێوان هەست ونەست وادەکات هۆکار بێت بۆ پەیدابونی چەندین داهێنانی شیعری تا ئەو کاتەی بەسبونەکە دروست دەبێ. بەڵام کە پاڵنەرەکە دەگۆڕی تەواوی پرۆسە ئەدەبیەکە و دەرهاویشتەکانی دەگۆڕی، مەبەستمان لە دەرهاویشتەکان، ئەو بەرهەمەیە کە دروست دەبێت و ئەزمونە دەرونی وعەقڵیەکەی نوسەرە. واتە بە پێی چەمکی بەسبونی دەرونی بێت و بەرچاوکردنی دۆخی شاعیرەکان بێت، دەشێ بڵێین: کەسانێکی وەک (وەلی دیوانە، محمد عومەر عوسمان، ئەحمەد هەردی وچەندانی تر) شیعر لە لایان مێوانێکی پیرۆز وبەهادار بوە، هاتوە و ڕۆیشتوە، کەچی لای (نالی، مەحوی، شێرکۆ بێکەس و چەندانی تر) شیعر پیشە بوە. فێری بون و لەگەڵیان ماوەتەوە.

سەبارەت بە بەسبون یا بەسکردن لەڕۆمان، چیرۆک و پەخشان نوسیشدا، بابەتەکە تۆزێک جیاوازە، چونکە مەودای دەربڕین و کاتی مانەوەی نوسەر لەگەڵ دەقەکەدا بە پێی سروشتی ژانرەکە وپێویستیەکانی درێژترە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەڵام دەشێ هەمان هاوكێشەكانی بەسبون یا بەسكردن بەڕەچاو كردنی تایبەتمەندیەكانیان لەسەر ئەم جۆرە ئەدبیانە پراكتیك بكرێ، بۆ پراكتیك كردنیشی پێویستە هەمو وردەكاری دیاردەكانی ئەو هونەرە ئەدەبیانە لەبەر دەست بێت، چونكە هەندێك جار نوسەر بە ماوەیەكی كورت ڕومانێك دەنوسێ و هەندێك جار كاتێكی زۆری پێویستە، یاخود جار وایە نوسەرێك تەنها ڕۆمانێكی هەیە، یان نوسەرێك خۆی تایبەت دەكا بەجۆرێك لە نوسینی چیرۆكی خۆشەویستی، فەلسەفی، مێژویی یا پۆلیسی و...هتد. هەندێك جار ئایدیۆلۆژیا زاڵە بە سەر نوسنی نوسەرەكانەوە، یان ڕۆمان نوسێك بە یەک ستایلی بیركردنەوە دەنوسێ و یەكێكی تر بەیەک بەرگ كۆتایی بە ڕۆمانەكەی یا چیرۆكەكەی نایەت بۆیە دوبەش یا زیاتری هەیە و هەیە دەینوسێ وبە تەواو نەكراوی بەجێی دێڵێت و یا دەینوسێ وبڵاوی ناكاتەوە و...هتد. واتە هەر ژانرێكی ئەدەبی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە بۆ لێكۆڵینەوە لە دەركەوتەكانی بەسبون لە هونەری ڕۆمان وچیرۆكدا پێویستی بە لێكۆڵینەوەیەكی سەربەخۆ هەیە، تاكو بەپێی چەمكی بەسبون یا بەسكردن شرۆڤە بۆ دیاردە هونەری و دەرونییەكانی لای ئەو جۆرە ئەدەبییانە بكەین.

## تەوەری سێیەم: دەركەوتەكانی بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە شیعردا.

یەكێك لە سیما دیارەكانی نوسەر شێوازی نوسینەكەیەتی، شێواز یا ((ستایڵ پەیوەندیەكی پتەوی سیستێمی وێنەیە، ئامێری هونەر دەربڕینە، كە تایبەتمەندی كەسی داهێنانی نوسەرێ، تەنیا بەرهەمێ، ڕێبازێ، قوتابخانەیەكی ئەدەبی، ژانرێك، یا ئەدەبی نەتوە وقۆناغێك نیشاندەدا))(هەڵبێرگ، ٢٠١٠،ل١٧٩). كە وایە دەبێت لەگەڵ هەر شێوازێكدا بەسبونێك یا بەسنەبونێك هەبێت، ئێمە تەنها ئەو ئەزمونە لەشیعری كوردیدا پراكتیك دەكەین، واتە، بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە ئەزمونی نوسەرێكدا یا لە قۆناغێكدا، یاخود لە نێوان چەند شاعریكدا شرۆڤە دەكەین.

دیارترین دەركەوتەكانی بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە سەر سنوری نێوان دو قوتابخانە یا دو ڕێبازی ئەدەبیدا دەردەكەون، لەگەڵ گۆڕانكاریدا ئەزمونەكانی بەسبون یا بەسكردن وبەسنەبونی شێوازی دیاردەبن، لە مێژوی ئەدەبی كوردیدا، كاتێك كە قوتابخانەی كلاسیكی لە بەرهەمهێناندا بەرەو لاوازی دەچێت وڕۆمانسیزم دەیەوێ خۆی بچەسپێنێ، دەبینین، كۆمەڵێك نوسەر ناتوانن دەستبەرداری شێوازی نوسینی شیعری كلاسیكی بن وهەندێكیش بە پێچەوانەوە، هەر ئەوەشە لەو سەردەمەدا دەبێتە هۆكاری كێشەی نێوان كۆن ونوێ، هەمو ئەم بابەتەش پێوەندی بە بەسبون یا بەسكردنی شێوازییەوە هەیە، ئەوانەی كە ناتوانن دەست بەرداری شێوازی نوسینی كلاسیكی بن هۆكارەكەی نەگیشتنیانە بە بەسبون، تێر نەبونە لە بەكارهێنانی ئەو قاڵبە شیعرییە، بۆیە ناتوانن لێی لابدەن، ئەوانەشی كە لێی لادەدەن بەسبون یا بەسكردنی شێوازیان لەلا هەیە، بۆیە لە پرۆسەیەكی شێوازی تازەدا خۆیان تاقی دەكەنەوە. بۆنمونە كە (گۆران) گەیشتە بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە نوسینی شیعری كلاسیكیدا، گۆڕانكاری بەسەر شێوازەكەیدا هات، بەڵام (شێخ نوری شێخ سالّح) لەنێوانی هەردو شێوازی كۆن ونوێدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە هیچیان بەتەواوەتی تێپەڕێنێ، ئەگەرچی لەڕوی هزرەوە قەناعەتی تەواوی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بە پێویستی گۆڕانكاری ونوێبونەوەی شیعر هەبوە و ((دان بەوەدا دەنێت كە ڕۆژێک دادێت شێخ نوری خۆشی كۆن دەبێت.....(بۆیە)خۆی و زێوەر و ئەمسالی دیكەی شاعیرە كۆنەكان دەشوبهێنێ بە (مۆزەف)كە پێویستە ئیتر خۆیان تەقاویت بكەن: (بە قانوونیش مووەزەف گەییە حەددی خۆی، تەقاویتە-تەمای چیمان هەیە، تا كەی بژی شیعری من وزێوەر)..))(پیربال، ٢٠٠٥، ل١٩٦). واتە؛ لەگەڵ ئامادەبونی دەرونی شێخ نوری بۆ بەسبون یا بەسكردن لە شیعری كۆندا، بەڵام بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لەلا دروست نەبوە، بۆیە دەبینین هەندێک خەسڵەتی شیعری كۆن وەک زمانی تێكەڵ بە وشەی بێگانە و قاڵبە عروزییەكان لە شیعرەكانیدا هەر دەبینرێ.

بەسكردنی شێوازی زۆر جار لە ژێر ڕێكفی ئاگاییەوە دروست دەبێت، بۆ نمونە هەر لە قۆناغی نوێبونەوەی شیعری كوردیدا، لای شاعیرانی نوێخواز بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە بابەتی بەكارهێنانی زمانی تێكەڵاودا دروست بو، بۆیە هەوڵی بەكارهێنانی زمانی كوردی پاراویان دەدا، هۆكاری ((سەرەكی گۆڕانی زمانی شیعری كوردی لە زمانە تێكەڵەكەوە بۆكوردییە پەتییەكە لە بزوتنەوەكانی نوێكردنەوەی شیعری كوردیدا بە بەرزبونەوەی هەستی نەتەوایەتی شاعیرانی كورد))ەوە بەندە (سابیر،٢٠٠٦، ل٨١)، واتە پاڵنەری گۆڕانكاری لە شێوازی بەكارهێنانی زمانەكە دەرەكییە، بەندە بە هەستی نەتەوەییەوە، لێرەدا بەسبون یا بەسكردنی شێوازی زیاتر بەندی پاڵنەرە دەرەكییەكانە، بەڵام دواتر كاریگەری لەسەر چێژی هونەری و لایەنی دەرونی شاعیرەكانیش دەبێت.

بۆ بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لە تەواوی ئەزمونی تاكە نوسەرێكیشدا، (گۆران)ی شاعیر بەنمونە وەردەگرین، چونكە قۆناغەكانی داهێنان لە لای ئەم نوسەرە بە مێژو جیاكراوەتەوە، بەپێی (كرۆنۆلۆژیای داهێنانی گۆران) بێت، گۆران لە ١٩٣٠دەست بە نوێبونەوەی شیعر دەكات و كاریگەری شیعری ڕۆمانسی و پەرناسی لەسەرە و ١٩٣٥دەركەوتەكانی ڕێبازی ڕیالیزم لای گۆران دەردەكەوێ و ١٩٥٠دا یەكەم شیعری خۆی لە مەیدانی هاوخەباتی نێونەتەوەیی بە ناونیشانی (لاوكی سور بۆ كۆریای ئازاد) دەنوسێ(پیربال،٢٠٠٥، ل٢٠٠-٢٠١)، واتە؛ گۆران لەگەڵ هەر شێوازێكی ئەدەبی ماوەیەک دەمێنێتەوە، تا ئەو كاتەی بەسبون یا بەسكردنی شێوازی لەو شێوازە نوسینە لەلا دروست دەبێت، پاشان دوبارە دەست پێدەكاتەوە تا دەگاتەوە بە دوبارە بەسبونی شێوازی. وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆكردوە لە تەوەری یەكەمدا، گۆڕانكاری هزری و ئایدیۆلۆژی كاریگەری لەسەر بەسبون هەیە، بۆیە بەپێی بارودۆخی ژیانی (گۆران) و گۆڕانی هزری (گۆران) بێت، بەسبون یا بەسكردنی دەرونی لای گۆران ڕوی داوە، ئینجا بەسبون یا بەسكردنی شێوازی دروست بوە، بەسبون لای گۆران بوەتە هۆكاری جۆراوجۆربونی بەرهەم و بونی ئەزمونی جیاواز و تاقیكردنەوەی جیاواز، چونكە بێجگە لەوانەی كە باس كرا (گۆران) لە بواری شیعری منداڵ و گاڵتە گەپ و ئۆپەریت و زۆر ستایلی دیكەشدا تاقكردنەوەی هەیە. هاوشێوەی (گۆران) (پیرەمێرد)یش بەسبون یا بەسكردن لەلای بوەتە هۆی ئەوەی كە لە جۆری جیاوازی ئەدەبی وبابەتی جیاوازدا تاقیكردنەوەی هەبێت. ئەگەرچی لەڕوی شێوازەوە گۆڕانكاری زۆر زەق لە قۆناغە جیاجیا كانی نوسینی پیرەمێرد دا نییە و زیاتر شێواز لەلای پیرەمێرد بە ئاسۆیی دەڕوا، بەڵام بەسبونی دەرونی هۆكارێكی پاڵنەرە بۆ تاقیكردنەوە جیاوازەكانی پیرەمێرد، كە دەبێتە هۆی ئەوەی پیرەمێرد لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

چەندین بواردا قەڵەمی خۆی تاقیبکاتەوە. ڕاستە لای (پیرەمێرد)یش بەسبون یا بەسکردن لە جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراودا هەبوە، بەڵام هۆکارەکەی لە لای (پیرەمێرد) بەسنەبونی دەرونی لەداهێنانی ئەدەبییە.

پێچەوانەی ئەزمونی (گۆران)، ئەزمونی شیعری (فەریدون عەبدول بەرزنجی)مان هەیە، کە لەسەرەتاوە تا ئێستاش شێوازی نوسینی شیعری ڕۆمانسی بەسەر تاقیکردنەوە شیعرییەکانیەوە دیارە، واتە لای (فەریدون) بەسنەبون هەیە و تێر نەبوە لە شێوازی شیعری ڕۆمانسی، بێگومان ئەو شیعرە ڕۆمانسیانەی کە ئێستا دەینوسێ لەڕوی بەها وسۆز و کردەی خەیاڵکردنەوە جیاوازە لە شیعر کۆنەکانی، بەڵام لە کۆتاییدا هەر لەقالبی شیعری ڕۆمانسی ماوەتەوە و بەسبونی شێوازی بۆ دروست نەبوە.

لە بابەتی بەسبون یا بەسکردنی شێوازییدا ئەگەر وردبینەوە بۆ ناو شیعرەکان هەندێک دۆخمان بەرچاو دەکەوێ، لەوانە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی شاعیران لە بەکارهێنانی پاش سەروایەکی دیاری کراودا، کە پاش سەروا ((بریتییە لە وشەیەک یاخود ڕستەیەک، لە دوای هەمو دێڕە شیعرێکدا وەک خۆی دوبارە دەکرێتەوە، بە مەرجێک پێش ئەم قافیەی دوەمە دیسانەوە دێڕە شیعرەکان قافیەی تایبەتیان ببێ))(گەردی،١٩٩٩،ل١٦٣)، لە لای شاعیرانی کلاسیک ئەم دیاردەیە هەیە بۆ نمونە، (نالی) پێنج شیعری هەیە کە بە پاش سەروای (دەکا) کۆتایی دێت، لە و پێنجە چواریان هاوکێشن و پاش سەروایان یەکە، دەستپێکی شیعرەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

شیعری یەکەم :-بولبول طەبعم ئەوا دیسا ثەنا خوانی دەکا

شیعری دوەم:-طەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

شیعری سێیەم:-پێم دەڵێن مەحبوبە خێل وقیچە مەیلی شەڕ دەکا

شیعری چوارەم:-چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی میسکین دەکا (مودەرس،١٣٧٩،ل٩٧-١١١)

ئەم چوار شیعرە لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزوفن و هەمان پاش سەروایان هەیە، واتە هەندێک جار کە شاعیر قاڵبێکی شیعری بە خەیاڵدا دێت، دەشێ بە یەکجار بە کارهێنانی ئەو قاڵبە تێر نەبێت و بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لەلا دروست نەکات، چونکە سەلیقەی شاعیر هێشتا بڕەدەکا و توانای دەربڕینی لەم قاڵبەدا لە دەست نەداوە، بۆیە تا ئەو کاتەی کە بەسبونی شێوازی لە لای شاعیر دروست دەبێت، ئەوە شاعیرەکە بەردەوام شیعری نوێی لەسەر دادەمەزرێنێ، کە بەسبون یا بەسکردنی شێوازیش لای شاعیر دروست بو، ئیتر ناتوانێ ئەو یەکە شێوازییە بۆ دەربڕینی نوێ بەکاربهێنێت و ئەو قاڵبە لەلای نوسەر قفڵ دەبێت.

ئەم شیعرانەی سەرەوە دەشێ لەڕوی کاتی نوسینەوە لەیەک نزیک بن ودەشێ کاتی نوسینیان لەیەکەوە دور بێت، ئەمە کێشەیەک نییە، چونکە کە قاڵبە شیعرییەکە لای شاعیر دروست بو ئیتر کۆگا دەبێت لە مێشکی شاعیر و کەی پێویست بکا ئامادەدەبێتەوە، ئەگەر فۆرمە شێوازییەکە بەسبونی لای شاعیر دروست نەکردبێ ئەوە دەشێ پاش دە ساڵ یان زیاتر شاعیر بگەڕێتەوە سەر فۆرمەکەوە و شیعری لەسەر دابمەزرێنێ تا ئەوکاتەی بەسبون دروست دەبێت. هەروەها درەنگ یاخود زو دەرکەوتنی بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لە لای شاعیر ئەگەر لە ئەنجامی لێهاتویی و توانای یاریکردن بەزمانەوە بێت و زیرەکی شاعیر بێت لە قۆستنەوەی سروشێک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

و ئەزمونێکی شیعری بۆ دەربڕینی چەند شیعرێکی جیاواز، ئەوە وەک خاڵێکی ئەرێنی لە شێوازی شاعیردا دەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر هۆکاری کەم ئەزمونی و بێ توانایی شاعیر لە بەکارهێنانی زمان و دوبارە جوینەوەی هەمان بابەت وهەمان قاڵبە شیعری بێت، ئەوە بە خاڵێکی نەرێنی بۆ ئەزمونی شیعری شاعیر هەژمار دەکرێ، لە لای (نالی) دەکرێ بە خاڵێکی ئەرێنی هەژماربکرێت، چونکە چەندین بیرۆکەی جیاوازی لە ناو هەمان چوارچێوەدا لە قاڵبداوە.

هەر لەلای (نالی) دو شیعری دیکە هەیە (دەرونم پڕ کەباب ودەردە بێ تۆ)و(نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ) کە هەردوکیان لە سەر کێشی هەزەجی شەشی مەحزوفن و هەمان پاش سەروایان هەیە و هەمان بابەتی شیعریشیان هەیە، کە ئازاری لە دەست دانە و دواندنی کەسی دوەەمی تاکە، واتە، لەبەرئەوەی بابەت و جۆری سۆز لە هەردو شیعرەکەدا هاوشێوەن بۆیە دەشێ شاعیر لە نێو هەمان بازنەی کات و سۆز و ئیلهاما ئەم دو شیعرەی گوتبێت. مەرجیش نییە بەدوای یەکدا نوسرابن، بەڵام لە هەر چ کاتێکدا نوسرابن ئەم دو شیعرە لەهەمان بازنەدا دروست بونە، هاوکات ئەم قاڵبەی (نالی) بۆتە هەوێنی بەرهەمهێنان لە لای شاعیران (کوردی وسافی)شدا، قاڵبەکە لای (نالی) لەو دو جار بەکارهێنان و لە دو شیعرەدا دەوەستێ، بەلام دەبێتە هۆی بەسنەبون لای دو شاعیری دیکە بۆیە( کوردی دەڵێت: دەرون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ....و سافیش دەڵێ:حەبیبا دڵ گەلێ بیمارە بێ تۆ) (سەعید،٢٠١٧، ل٥١).

واتە لای ئەم دو شاعیرە تەنها خوێندنەوەی قاڵبە شیعرییەکەی (نالی) بەسبونیان لەلا دروست ناکات، تا ئەو کاتەی خۆیان ئەزمونی شێوازەکە دەکەن و کە ئەزمونیان کرد ئینجا بەسبون یا بەسکردنی شێوازیان لا دروست دەبێت. هەروەها لە دو شیعری دیکەی (نالی)دا کە بە دو کێشی جیاواز نوسراون، بەڵام هەمان پاش سەروایان هەیە (کە تۆ هاتی لەنەومێدی نەما باس) و(لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هیولا نییە باس) لەلای شاعیر لە یەک جار بەکارهێنانی پاش سەروای (باس) بەسبون یا بەسکردنی شێوازی دروست نەبوە، بۆیە دوبارەی دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارە لە دو قاڵبی جیاوازدا هەمان یەکەی شێوازی (باس) دەخاتەوە کار، واتە ئەم یەکە شێوازییە بە دو دەرکەوتن ئینجا بەسبونی لای شاعیر دروستکردوە. واتە، هەندێک جار شاعیر کە دەربرینێکی بۆ دێت ئەوە دەشێ لە چەند قاڵبێکدا بەرجەستەی بکات هەر ئەوەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی چەند شیعرێک بە بەکار هێنانی هەمان یەکەی شێوازی.

لەدیوانی (سالم)یشدا دیاردەی دوبارە بونەوەی قاڵبی شیعری و یەکەی شێوازی دوبارەوە بو زۆرە، کە بەڵگەن لەسەر بەسبون و بەسنەبونی شێوازی لەلای (سالم)، یەکێک لەو نمونانە بەکارهێنانی پاش سەروای(دەکا)یە، کە هاوشێوەی (نالی) (سالم) پێنج جار پاشگری سەروای (دەکا)ی لە هەمان قاڵبی (رەمەلی هەشتی مەحزوفدا) بەکارهێناوە، دوان لە شیعرەکانی (سالم) نەک تەنها لەگەڵ شیعرەکانی نالی هاوکێش وهاوسەروان، بەڵکو هاوبابەتیشن، (سالم)لە شیعری(کاتیبی فیکرم لە دڵدا دیققەتێ ئینشا دەکا) و (تورکی پڕ ئەفسونی چاوی کاری صەد جادو دەکا)(مودەرس،٢٠١٥،ل٩٦-١٠٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هاوشێوەی (طەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا) و (پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ وقیچە مەیلی شەڕ دەکا )ی (نالی)، لەهەمان قاڵب و بە هەمان یەکەی شێوازی و بەسود وەرگرتن لە هەمان بیرۆکەی نالی شیعرەکانی خۆی دامەزراندوە، ئەمە هەندێک پێی دەڵێن دەق ئاوێزان و هەندێکیش پێی دەڵین کارلێککردن و کارتێکردن، بەڵام لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعریدا ئەمە نابەسونی (سالم)ە لە بەکارهێنانی ئەو قاڵبە شیعرییە، واتە (نالی) لەبەکارهێنانی ئەو یەکە شێوازییەدا بەسبونی لا دروست بوە، بەڵام لەلای سالم یەکە شێوازییەکەی (نالی) بۆتە پاڵنەری بەسنەبون و بۆیە توانیویەتی لە هەمان قاڵبدا شیعر بنوسێ و بەهەمان شێوەی (نالی) پێنج جار تواناکانی خۆی لەگەڵ هەمان یەکەی دەربڕیندا تاقیبکاتەوە، ئەوەی جێگای پرسیارە بۆ لای (سالم) نەبو بە شەش دەق وهەر پێنج دەقە؟ بەڕای ئێمە ئەمەیان پێوەندی بە لاسایکردنەوە و خۆبەراوردکرنی ئەدەبی (سالم) بە (نالی)یەوە هەیە، چونکە ئەگەر وانەبوایە ئەو دەکرا پاش سەرواى (دەکا) لای سالم (٢،٣،٦) جار بە کێشی جیاوازیش دوبارە ببێتەوە، واتە (سالم) بە مەبەست بەسکردنی شێوازی لە بەکارهێنانی ئەم یەکەی دەربڕینەدا لە پێنج قاڵبدا بەرجەستەکردوە، واتە پرۆسەکە لە ژێرڕکێفی عەقڵەوەبوە(بەسکردن)ە.

هەر لای (سالم) شەش جار پاش سەرواى (نییە) و دوجار (نەبێ) و دە جار (ئەمشەو)و..هتد. بەکارهاتوە، دەرکەوتنی یەکەی شێوازی (ئەمشەو) وەک پاش سەروا لە دە شیعری جیاوازدا نیشانەی بەسنەبونە لە بەکارهێنانی ئەم یەکە شێوازییەدا، (سالم) سەلیقەی شیعری لەگەڵ پاش سەرواى (ئەمشەو) پاش دە جار بەکارهێنان و لە دە دەقدا ئینجا بەسبونی لەلا دروستکردوە، خۆ ئەگەر سالم نەگەیشتایە بە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی ئەوە یانزە ودوانزە دەقی لێ دروست دەکرد، بێگومان ئێمە باسی بەهای ئەو دەقانە ناکەین لەڕوی هونەرییەوە تەنها باسی توانای بەرهەمهێنان و کردە وسەلیقەی شاعیر لە بەکارهێناندا دەکەین.

ئەم دۆخە لە بەکارهێنانەوەی هەمان قاڵبی شیعری و هەمان پاش سەروا لە چەند دەقێکی جیاوازدا لەلای شاعیرانی دیکەش وەکو (کوردی، وەفایی، مەحوی...هتد) بەرچاودەکەوێ، واتە گەیشتن بە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لە لای شاعیرانیش وەکو دیاردە بونی هەیە، ئێمە تەنها لەلای مەلای (جزیری) ئەم دۆخەمان بەرچاو نەکەوت، ئەگەرچی پاش سەروا و سەرواى دوبارەش لە میانەی یەک شیعرێکدا بونی هەیە، بەڵام هەمان پاش سەروا لە چەند دەقێکدا دەرناکەوێت.

هەر لە بابەتی پاش سەروادا (عەزیز گەردی)دەڵێ: ((پاش سەروا ئەگەر داهێنانی شاعیری تێدابێ هێزێکی زیادەکی بە هۆنراەکە دەدا، بەڵام پاش ئەویش هەر زو دەبێ بەبابەتی لاساکردنەوە و شاعیران پاش سەرواى یەکتر وەردەگرن و لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی خۆیانی دەگونجێنن))( گەردی،١٩٩٩،ل١٦٣).

ئەم بابەتە سەرەڕای لاسیکردنەوە، بابەتی بەسبون یا بەسکردنی شێوازیشی لەگەڵە، وەک چۆن لای خودی شاعیرەکە، کە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی ڕونادا، دەبینین چەندین جار هەمان پاش سەروا بۆ دەقەکان بەکاردێنێت، بە هەمان شێوە لای شاعیرانی دیکەش وایە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەیە کە خاوەنی بیرۆکەکە نین و ڕەسەنایەتی بیرۆکەکە بۆ یەکەم شاعیرە کە بەکاریدێنێت، بۆنمونە، لەسەر پاش سەرواى (دڵی من)(بێخود، صافی، میرزاغەفور، دەشتی، ئەسعەد مەحوی، پاکی، عاسی، جەلالی شێخ جەمیل (نوری) و دڵزار)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

(مەولود،٢٠١٣،ل٨٣-٨٩). شیعریان دامەزراندوە، (بێخود) کە دەڵێ: (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتوە تۆراوە دڵی من) دەرگا لەسەر بونیادێکی بێکۆتا لە دەربڕین دەکاتەوە، بێگومان (بێخود)یش، لەسەر پرۆسەیەکی بێکۆتایی دیکەی پێش خۆی ڕاوەستاوە و دوبارە بەرهەمی هێناوەتەوە، بەڵام ئەو شێوازە، کە لە لای بێخود بە مۆرکی (بیخود)ەوە دەست پێدەکاتەوە و بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لای (بیخود) دروست دەکات. لەهەمان کاتدا دەرگاش لەسەر بەسنەبونی شێوازی لای شاعیرانی دیکە واڵا دەکات، بۆیە دەبینین لای شاعیرانی دیکە ئەو شێوازە دوبارە دەبێتەوە، چونکە هەندێک جار کە (خوێنەری شیعر) شێوازێکی تایبەتی دەخوێنێتەوە ئەوە بەسبون یا بەسکردنی شێوازیش لای خوێنەرەکە دروست دەکات، بەڵام هەندێک شێواز دەبێتە هۆی بەسنەبونی شیوازی لای خوێنەر، بۆیە ئەگەر خوێنەرەکە شاعیر بو ئەوە لەڕێگای کردەی بەرهەمهینانەوەوە هەوڵدەدا بگات بەو پرۆسەی بەسبون یا بەسکردنی شێوازییە، بەڵام ئەگەر خوێنەرێکی ئاسایی بو و لەخوێندنەوەی یەکەمدا بەسبونی لەو شێوازە لەلا دروست بو، ئەوە سەلیقەی دوبارە خوێندنەوەی ئەو شێوازەی لەلای نوسەری دیکە نامێنێ، یان بەرهەمی دوەم بەکەمتر تەماشا دەکات، و ئەگەر بەسنەبونیشی لای خوێنەرەکە دروستکرد ئەوە دوبارە چێژ وەردەگرێتەوە لە خوێندنەوەی هەمان شێواز و لە شوێنی جیاوازدا.

هەندێک جار بەسنەبون لای شاعیرەکە تەنها لە بەکارهێنانی پاش سەرواکەدا نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانی پێکهاتەی دەربڕینێکی دیاری کراودایە، بۆنمونە: (ناری) سێ شیعری هەیە (بەهەر سێ شیعرەکە ٣٤ دێڕە) کە هەر سێکیانی بەپێ قالبی (لە.......چیبکەم؟)ی داناوە:

-لە فیتنەی ناری غەمزەی چاوی فەتتانی خوا چیبکەم؟

لە نێشی عەقرەبی زوڵفی پەرێشانی خوا چیبکەم؟

-لە گۆشەی پڕ میحنەتی دار ولفەنا چیبکەم؟

لەبەر زاد وزەخیرەی مەنزڵی دارولبەقا چیبکەم؟

-لە دارولحوزنی دوری، ئیختیاری خەم نەکەم چیبکەم؟

بەبێ مەعشوقی شادی، دەس لە مل ماتەم نەکەم چیبکەم؟

(ناری زادە، ٢٠١٩، ل١٤١-١٤٨).

ئەم شیعرانە کامیان پێش کامیان گوترابێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کاتێک کە ئەم قاڵبە هاتە مێشک شاعیرەکەوە تا بەسبونی لا دروست نەبو هەر بەکاریهێنا، دەشێ کە شیعری یەکەمی نوسیبێت دێرێکی لادروست بوبێت لەسەر هەمان قاڵب، بەڵام لەڕوی واتاوە لەگەڵ ئەو شیعرەی یەکەم جاردا نەگونجا بێت، بۆیە ئەو دێڕە دەبێتە دەستپێکی شیعرێکی دیکە و...هتد. و تا بەتەواوەتی سەلیقەی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لای شاعیر نامێنێ پرۆسەکە بەردەوام دەبێت و کە بەسبون یا بەسکردن ڕودەدات کردەوەی بەرهەمهێنانەکەش لە بەکارهێنانی ئەو قاڵبەدا دەوەستێت.

بابەتێکی دیکە لەبابەتەکەنی بەسبون یا بەسکردنی شێوازی شیعریدا بابەتی دوبارە بونەوەیە، بۆنمونە لەتیف هەڵمەت ((لە شیعری (لێم مەپرسەدا) بەڕیتمێکی جوان وئاوازێکی هەست بزوێن و خۆش خوێنەر سەرسام



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

دەکات لەگەڵ ئەو دەستەواژە و ڕستە دوبارە کراوانەدا))(سەعید، ٢٠١٣،ل ١٧٢). ڕاستە دوبارەکردنەوە بەژدارە لە بونیادی ڕیتمی دەق و دەشێ سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بەڵام لە ساتی بەرهەمهێنانی شیعرەکەدا بۆ دوبارە دەبێتەوە؟ لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

-چۆن هەست بە برسێتی دەکەم
چۆن هەست بە تینویەتی دەکەم
چۆن هەست دەکەم کە خەمبارم...
چۆن هەست دەکەم کە بێ شارم
چۆن هەست دەکەم بە خۆر کاتێ کە دەکەوێ
وا هەست دەکەم خۆشتم دەوێ و
خۆشتم دەوێ ( هەلمەت،٢٠٠٥،ل١٧٠).

لەم شیعرەدا شاعیر لە ژێر ڕکێفی واتاوە، شێواز دوبارە دەکاتەوە، واتە تا شاعیر لەڕوی ماناوە تێر دەبێت هەر دەڵێ: (چۆن هەست دەکەم)، لە بونیادی شێوازی ئەم شیعردا پێنج جار چۆن هەست دەکەم دوبارەبۆتەوە و بە پێنج جاربەکارهێنان، ئینجا لای شاعیر بەسبون یا بەسکردن دروست بوە و کە بەسبون دروست بوە ئیتر لە بەکارهێنانی (چۆن هەست دەکەم) وەستاوە، بەڵام ئەگەر واتە لای شاعیر تێر نەبوایە ئەوە (چۆن هەست دەکەم)ی دیکەشی بەدوای خۆیداڕادەکێشا، بەگشتی لە دوبارەبونەوەدا زۆرجار بەسبون یا بەسکردنی شێوازی ڕاستەوخۆ بەندە بە تێرنەبونی واتاوە و زۆرجاری دیکەش بەندە بە دۆخی مۆسیقای شیعرەوە.

هەر لەبابەتی دوبارەبونەوەدا (عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (لەوەتەی هەم خەو دەبینم) کە لە نۆ کۆپلەی شیعر پێک هاتوە، لە دەستپێکی شیعرەکە ولە کۆتاییەکەی هەمان کۆپلە دوبارە دەکاتەوە، دەڵێ:

-لەوەتی هەم خەو دەبینم
خەونی مەخمەریی و خاسڕەنگ
خەونی بڵند وەک ئەستێرە
خەونی تیژڕەو وەک تیشک ودەنگ(پەشێو،٢٠٠٨،ل٢٤٢-٢٥٠).

ئەم کۆپلەیە لەدەسپێکدا پاڵنەری داهێنانە و کلیلی چەندین دەربڕێنی دیکەیە، هەروەها شاعیر لە سیاقی شیعرەکەدا هەرجارێک کە ڕستەی (لەوەتەی هەم خەون دەبینم) بەکاردەهێنێت، تەوژمێک بە توانای دەربڕینی خۆی دەداتەوە تا بەردەوام بێت و ئەوڕستەیە بەکاردێنێت تا دەربڕینی نوێ بەدوا خۆیدا بێنێت، بەڵام لە کۆتایی شیعرەکەدا تەنها ڕستەیەک دوبارە ناکاتەوە هەمان کۆپلە دوبارەدەکاتەوە، ئەم بەکارهێنانەی کۆتایی قفڵی بابەتەکەیە و نیشانەی بەسبون یا بەسکردنی شێوازی ودەرونی شاعیرە لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە و ئەم بابەتەدا.

لە شیعری (ناڵەی جودایی)ی (هێمن)یشدا، چەندین یەکەی دەربڕین لە سەرەتای دێڕەکاندا دوبارەدەبێتەوە لەوانە لە کۆی (١١١) دێڕدا (ئەو کەسەی) (٢٢)جار و یەکەی (دێم)(٢٦) جار بەکارهاتوە، واتە کە شاعیر دەڵێ:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

(ئەو کەسەی بێ کەس نییە وخانە خەراب، ئەو کەسەی نەیچەشتوە دەردی ژیان، ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش وبرک وژان....هتد) و (دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت، دێم بەرو زیخ وچەو وکانیاوی خۆم، دێم بەرەو ئەو دار وبەرد وبەندەنەو....هتد) (هێمن،٢٠٠٦،ل١٩٥-٢٠٤). هەرجارەو کە ئەم یەکانەی دەربڕین بەکاردێنێت بۆ مەبەستێکە و واتا و وێنەی نوێ بەدوای خۆیانڕادەکێشن. لە لای هێمن بە ٢٢جار بەکارهێنانی یەکەی (ئەوکەسەی) بەسبون یا بەسکردنی شێوازی دروست دەبێت و بە ٢٦جار بەکارهێنانی (دێم) شاعیر دەگاتە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لە بەکارهێنانی ئەم یەکەی دەربڕینەدا.

هەر لە بابەتی بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لە بەکارهێنانی یەک یەکەی زمانی، کە شاعیر لە چەند دەربڕینێکدا دوبارە بەکاریدەهێنێتەوە، نمونەی وەفایی دێنینەوە، (وەفایی) لە تەواوی شیعرە کوردیەکانیدا سێ جار وشەی (سەنەم)ی لە سێ شیعری جیاوازدا بەکارهێناوە، واتە کە شاعیر یەکەیەکی زمانی لەلا دەبێتە پاڵنەری دروست بونی دەربڕین ئەوە ئەو یەکەیە لە مێشکیدا چالاک دەبێت تا دەگاتە قۆناغی بەسبونی شێوازی، کە گەیشتە بەسبونی شێوازی ئەوە ئیتر شاعیرەکە ئەو یەکەیە بەکارناهێنیت، ئەگەر بەکاریشی بێنێت لە وێنەی دوبارەبوەوەدا دەردەکەوێتەوە و چێژی یەکەم جاری کردەی داهێنانەکەی تێدا نامێنێت. هۆکارەکەشی بەسبونە شێوازییەکەیە، لەم نمونانەی وەفاییدا وەفای لە سێ دەرکەوتەدا سەنەم بەکاردێنێت، کە بریتین لە:

–لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەردا
شۆخێ کە غەمی ئایینەدار بە قەمەردا(ئاسۆ،١٣٩٠،ل٢٥).
–مەششاتە کە شانەی لە سەری زولفی سەنەم دا
ئاشفتەگیی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا(ئاسۆ،١٣٩٠، ل٢٧).
–ئەرێ ئەی بە زولف وڕوخسار سەنەمی چین ماهی تابم
دەمەکە و خەندەکە و نیگاهت نمەک و مەزەی شەرابم(ئاسۆ،١٣٩٠،ل٣٥٣).

لە هەر سێ دەربڕینەکەی وەفاییدا سەنەم پێوەندی بەیارەوە هەیە، لەیەکەم ودوەمدا مەبەست لە سەنەم یارە، بەڵام لەیەکەمدا ئەو سەنەمە تیری لە جگەری وەفایی داوە، لەدوەمیشدا، کە ئارایشگەر زوڵفی ئەو سەنەمە شانە دەکات حاڵی وەفایی پەرێشان دەکات، واتە لە دو وێنەدا هەمان یەکەی بەکار هیناوە، لە دێڕی سێیەمیشدا سەنەم لەوچوە و لێچوەکەشی خاوەن زوڵف وروخسارەکەیە واتە (یار)ە، یەکەی سەنەم لەلای وەفایی لە سێ دەرکەوتەدا هەیە، بەڵام هەر لای وەفایی یەکەی (زوڵف) ٣٥١جار بەکارهاتوە، ئەم جیاوازییە لە ژمارەی بەکارهێنانی ئەم یەکانە پێوەندی بە بەسبون یا بەسکردنی شێوازییەوە هەیە، یەکەی سەنەم بە سێ جار بەکارهێنان بەسبون لە لای وەفای دروست ئەکات، کەچی یەکەی زوڵف ٣٥١جار بەکارهاتوە، واتە زوڵف لە زۆربەی ئەزمون و پرۆسە شیعریەکانی وەفاییدا ئامادەیی هەیە، خۆ ئەگەر شاعیر تەمەنی شیعر نوسینی زیاتر بوایە و بەردەوام بوایە لە شیعر نوسین دەکرا لە بەکارهێنانی زوڵفدا هەر بەردەوام بوایە، واتە یەکەی سەنەم لەو یەکانەی دەربڕینە کە زو شاعیر گەیشتۆتە بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لە بەکارهێنانیدا، بەڵام زوڵف سروشتێکی لاستیکی هەیە بۆیە لە ئەزمونەکاندا دوبار بەکاردێتەوە و شاعیر زو ناگاتە بەسببونی شێوازی لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەکارهێنانیدا. چونکە ئەگەر یەکەیەک بەسبونی لای شاعیر دروستکرد شاعیر سەلیقەی ئەوەی نامێنێ هێندە دوبارەی بکاتەوە.

دۆخەکانی بەسبون یا بەسکردنی شێوازی و دەرکەوتەکانی زۆرە و دەکرێت لە ئەزمونی تاکە شاعیرێک لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم چەمکە بکرێت، هەروەها دەکرێت لەڕێگای هاوسەنگی نێوان دو ئەزمونی شیعریدا لە دەرکەوتەکانی ئەم چەمکە بکۆڵرێتەوە، و لەئەنجامیشدا دیاردە شێوازییەکان و پێوەندیان بە پاڵنەرەکانی داهێنان لە لای لێکۆڵەرەوە ڕوندەبێتەوە و ئەم هەنگاوەش یارمەتی باشتر تێگەیشتنی پرۆسەی شیعری و خودی شیعریش دەدات.

## ئەنجام

١- بەسبون یا بەسکردنی داهێنان، دۆخێکە لە بەسبون، تێربون، دەست هەڵگرتن، نەمانی پاڵنەری داهێنان، توشی کەسی بەرهەمهێن دەبێتەوە، بەهۆییەوە بەرهەمهێنی هونەری لە بارەی بابەتێکی دیاری کراودا سەلیقەی دروستکردنی بەرهەمێکی نوێی نابێت.

٢- دو جۆری بەسبون یا بەسکردن هەیە لای داهێنەر بەسبون یا بەسکردنی دەرونی و بەسبون یا بەسکردنی شێوازی، هەردو جۆرەکەش پێوەندیان بە یەکەوە هەیە و کارلەیەک دەکەن.

٣- بەپێی چەمکی بەسبون یا بەسکردنی دەرونی بێت و بەڕەچاوکردنی دۆخی شاعیرەکان بێت، دەشێ بڵێین: کەسانێکی وەک (وەلی دیوانە، محمد عومەر عوسمان، ئەحمەد هەردی وچەندانی تر) شیعر لە لایان مێوانێکی پیرۆز و بەهاداربوە، هاتوە و ڕۆیشتوە، کەچی لای (نالی، مەحوی، شێرکۆ بێکەس و چەندانی تر) شیعر پیشە بوە. فێری بون و لەگەڵیان ماوەتەوە.

٤- بەسبون یا بەسکردنی شێوازی لای نوسەران هەندێکجار دەبێتە هۆکاری جۆراوجۆر بونی بەرهەم و بونی ئەزمونی جیاواز و تاقیکردنەوەی جیاواز. هەندێکجاری دیکەش دەبێتە هۆی کەمی بەرهەمی شاعیرەکان.

٥- لەڕێگای لێکۆڵینەوە لەبارەی بەسبونی دەرونی و شێوازییەوە، دەکرێت جیاوازییە شێوازی و ئەزمونی شیعری و ئەدەبییەکانی شاعیران ڕونتربێتەوە و هاوکات ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە یارمەتی باشتر تێگەیشتنی کردەی شیعر نوسین و بابەتی ئیلهام و فێربونی شیعر دەدات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# The Art and Literature Areativity, Kurdish Poets and Poems As An Example

**Arkhawan Mohammed Obaid**

Kurdish Language Department, College of Education for Human Sciences, University of Kirkuk, Kirkuk, Iraq.

**E-mail:** Arkhawanmohammed83@gmail.com

## Abstract:

Abstract The art and literature creativity, Kurdish poets and poems as an example is the name of a theoretical and practical research. It is theoretical because in the first part it presents the principles and the regulations of the research for the first time. And it is practical because in the second and third parts of the the research is : Supported in a way of practicing the ideas in Kurdish pomes and the experiences of Kurdish poets, the situation of stopping creativity is a situation of repletion, fullness, giving up, satisfaction,missing creativity and initiative for creativity that happens to the producers person in which the producer is not able to produce new products or things. This repletion could be temporary or permanent. It has two types ( psychological and formational repletion) This research can be applied to all types of practical arts but in this research it is just practiced on Kurdish pomes only. This research is based on both the psychological and the formational terms. The research presents the important aims of the research , defining the terms, classifying the motivators of creativity and it is effects on the poets products.

**Keywords:** Repletion, Fullness, Non Fullness, Producer, Creativity, Motivation and Stopping.

## سەرچاوەکان:

ئاسۆ،موحەمەد(١٣٩٠).*وەفایی(دیوان)*، سنە: انتشارات کوردستان

پەشێو،عەبدوڵڵا(٢٠٠٨). *هەسپم هەورەورکێفم چیاشیعری١٩٨٠-٢٠٠٥(دیوان)*،چاپی سێیەم،هەولێر :

پیربال،فەرهاد(٢٠٠٥). *شیعری نوێی کوردی*، هەولێر: دەزگای کوردستان

ڕامبو،ارتور(٢٠٠٧).*الاثار الشعریة*،ت:کاظم جهاد،مصر: دار الجمل

ڕەسول،عیزەددین(١٩٨٩). *ئەدەبیاتی نوێی کوردی*،بەغدا:چاپخانەی فێرکردنی باڵا

سابیر،پەرێز(٢٠٠٦).*ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر*، هولێر:دەزگای ئاراس

سەعید،ناز(٢٠١٧). *دەنگی مستەفا بەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*، سلێمانی: چاپخانەی گەنج

سەعید، ناز(٢٠١٣). *لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا*، سلێمانی: چاپخانەی بینایی

سیوەیلی،ڕێبوار(٢٠١٦). کتێبی *حاجی قادری کۆیی*، هەولێر:بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کورد.

ڕەشید،فوئاد(٢٠٠٧). *دەقی ئەدەبی(ئەدگار. چێژ. بەها)*، هەولێر: دەزگای ئاراس

عەبولکەریم،محمدی مەلا(١٩٨٠)..*گۆران(دیوان)*، چاپی یەکەم،، بغداد: مطبعه المجمع العلمی العراقی

عوسمان، محمد(٢٠١٩/١٠/٢٣). *دیمانەی تەلفزیۆنی لەگەڵ محمد عومەر عوسمان*:بەرنامەی ئێوارەی nrt.

علی،دلشاد(٢٠٠٧). *دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری*،سلێمانی:دەزگای سەردەم.

فەرج،لەتیف(٢٠٠٩). کتێبی *صابری لە دوتوێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا*:چاپخانەی کوردستان

گەردی،عەزیز(١٩٩٩).*سەروا*،چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس

مەولوود،عەبدوڵڵا(٢٠١٣).*کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتر*، هەولێر: چاپخانەیڕۆژهەڵات

مستەفا،ئیدریس،(٢٠١١). *لایەنەڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنمونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی*، هەولێر: ئەکادیمیای کورد.

مودەرس، مەلا عەبدولکەریم (٢٠١٥). *سالم(دیوان)*،، بەرگی یەکەم سلێمانی: بنکەی ژین

مودەرس،عەبدولکەریم (١٣٧٩). *نالی(دیوان)*، چاپی دوەم، سنە : انتشاراتی کوردستان

نیزامەدین،فازیل(٢٠٠٧). *فەرهەنگی شیرینی نوێ عەرەبی –کوردی*، چ١، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم

هەردی،ئەحمەد(١٩٨٤).*ڕازی تەنیایی*،چ٢، هەولێر : چپخانەی زانکۆی سەلاحەدین

هەلمەت،لەتیف(٢٠٠٥). *دیوانی لەتیف هەڵمەت*، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، سلێمانی : چاپخانەی شڤان

هەڵبێرگ،پیتەر(٢٠١٠). *تیۆری ئەدەبی وشێوازناسی*، ئا.ئەنوەر قادر محمد،سلێمانی:مەڵبەندی کۆردۆلۆژی

هێمن (٢٠٠٦).*بارگەی یاران*،بەرگی یەکەم،چاپی دوەم، هەولێر: دەزگای ئاراس


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

صلاح،ضحى(٢٠١٧/٧/١٥). التوقف الابداعي اسبابه وكيفية تجاوزه، له سايتى:

https://www.noonpost.com/content/18875.

الرحبي،احمد()،سيرجي يسينين لذة الحياة والشعر، جهة الشعر، لة سايتي:

http://www.jehat.com

الفلاح،خلود(٢٠١٧/٢/١٨). التوقف المفاجىء عن الكتابة هل هو سقوط في سكتة، له سايتى:

https://alarab. co.uk

بن بادة،حياة(٢٠١٩/١/٢٨). متلازمة الصفحة البيضاء..حين يسود الابيض وجه ورق الكاتب،الجزيرة، لة سايتي:-https://www.aljazeera-

net.cdn>ampproject.org

مريم،غضبان (٢٠٠٥-٢٠٠٦).مساهمة الاسرة في ضهور السمات الابداعية لدى الطفل،رسالة ماجستير،كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،الجزائر :جامعة منتوري-قسنطينية

مطلوب،احمد(٢٠١٠). معجم المصطلحات البلاغية و تطورها، لبنان: مكتبه لبنان ناشرون